# دیمانە چییە و بە کەڵکی چی دێت؟

ژیل دۆلووز

**لە فرەنسییەوە: فازڵ مەحموود**

دەربڕینی بیر و بۆچوونی خۆت لە چاوپێکەوتنێک، گفتوگۆیەک یان دیمانەیەک زۆر ئەستەمە. زۆرجار کاتێک پرسیارێکم لێ دەکەن، تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارەکە کاریگەریم تێ دەکات، بە شێوەیەکیی ئاشکرا هەستم بەوەکردووە هیچم بۆ وتن نەبووە. پرسیارەکان وەک هەموو شتێکی تر دروست دەکرێن. گەر دەرفەتتان بۆ نەهێڵنەوە خۆتان پرسیارەکانی خۆتان لە ڕێگای ئەو ڕەگەزانەی کە لەهەموو شوێنێکەوە دێن دروست بکەن، لەهەر شوێنێکەوە بێت، ئەگەر هاتوو تەنیا پرسیارەکانتان بۆ «بخەنە ڕوو»، ئەوا شتێکی گرنگ و ئەوتۆ بۆ وتن بوونی نابێت. هونەری دروستکردنیی کێشەیەک[1] زۆر گرنگە: کێشە دەخولقێنرێت، واتە بارودۆخی کێشەیەک پێش گەڕان بەدوای چارەسەر بۆی. هیچ لایەنێکی ئەم شتە لەنێو چاوپێکەوتنێک و گفتوگۆیەک یان مشتومڕێک جێگای خۆی ناگرێت. تەنانەت تێڕامانیش بۆ جارێک دووجار یان زۆرجار بە تەنیا بەس نییە. بە تایبەت تێڕامان. بیانوو و ڕەخنەکانیش، زۆر خراپە. زۆرجار کە بیانووم پێ دەگرن پێمخۆشە بڵێم: «زۆرباشە، زۆرباشە، با بچینە سەر بابەتێکی تر». بیانووەکان هەرگیز هەڵگری هیچ شتێک نین. ڕێک هاوشێوەی ئەو کاتەیە کە پرسیارێکی گشتیم لێ بکەن. ئامانجەکە بریتی نییە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بەڵکوو خۆدەربازکردنە، خۆدەربازکردنە لەم پرسیارانە. زۆربەی خەڵک وا بیر دەکەنەوە کە تەنیا لە کاتی دووبارەکردنەوە و پێداچوونەوەی پرسیاردا دەتوانین خۆمانی لێ بدزینەوە. بۆ نموونە پرسیاری فەلسەفە چییە؟ ئایا فەلسەفە مردووە؟ فەلسەفە تێ پەڕێنراوە؟ ئەم پرسیارانە زۆر ناخۆش و وەڕسکەرە. ناکرێت بگەڕێنەوە بۆ سەر پرسیارێک لە پێناو ئەوەی خۆتانی لێ دەرباز بکەن. هاوکات خۆدزینەوە لە پرسیار هەرگیز بەمشێوەیە ناکرێت. بزووتن هەمیشە لە سەر شانی بیرمەند ڕوودەدات، یان لەو ساتەی کە پێڵووەکانی دەترووکێنێ. خۆدەربازکردن، پێشتر ڕوویداوە، یان هەرگیز ناتوانین لێی دەربازبین. پرسیارەکان بە شێوەیەکیی گشتی ڕۆچوونیان بەرەو داهاتوو (یان ڕابردوو) هەیە. داهاتووی ژنان، داهاتووی شۆڕش، داهاتووی فەلسەفە، هتد. بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە، چەند

[1] le **problème** "کێشە" یەکێکە لە چەمکە تایبەتەکانی دۆلووز کە دەبێت لێرەدا کەمێک لەسەری بوەستین. بە بۆچوونی دۆلووز ئەگەر هاتوو "کێشەیەک" هەر کە خرایەڕوو بە باشی چارەسەر کرا، ئەوە بە واتای ئەوە نایەت کە کێشەکەمان کەشف کردووە ، بەڵکوو بەو واتایە دێت کێشەکە خولقێنراوە. هەروەها پێی وایە فەلسەفە دەبێت خۆی رزگار بکات لە دوانەی "کێشە / چارەسەر" کە هەمیشە پێکەوە دێن، چونکە کێشە ئەوەندە پەیوەستە بە زەرووڕەتی خولقاندن و پرسیار دروست کردن لەسەری، پەیوەست نییە بە دۆزینەوەی چارەسەری خێرا و بە پەلە بۆی. وەرگێڕ

سەیرووورەیەک[2] هەیە کە لەنێو بێدەنگیدا کار دەکەن و تا ڕادەیەک نەبینراون. زۆرجار بە واتایەکیی مێژوویی یان تاکەکەسی یان جیهانی بیر لە سەیروورە دەکرێتەوە. سەیرووورەکان جوگرافین، شوێنگۆڕکێ دەکەن، ئاراستەکانن، هاتنەناوەوە و دەرچوونن. «بوونبە ـ ژن»[3] یێک بوونی هەیە کە ناکرێت لەگەڵ ژناندا تێکەڵی بکەین، لەگەڵ ڕابردوویان و داهاتوویان، ئەم سەیرووورەیە بریتییە لەوەی ژنان دێنە ناوییەوە لە پێناو دەربازبوون لە ڕابردوو و داهاتوویان، لە پێناو دەربازبوون لە مێژوویان. «بوونبە ـ شۆڕشگێریش» هەیە کە وەک داهاتووی شۆڕش نییە و بە شێوەیەکیی ناچاریی لە لایەن خەباتگێڕەکانەوە تێ ناپەڕێت. بوونبە ـ فەیلەسووفێکیش هەیە کە هیچ پەیوەندییەکی بە

---

[2] Devenir سەیروورە: "سەیروورە یان بوونبە" بریتییە لە گۆڕانێک کە لە ئەنجامی هێڵێکی هەڵاتندا دروست دەبێت. بوونبە یا سەیرووە بۆ هەرکەسێک دەرخەری پرۆسەیەکی گۆڕانکارییە کە بنەڕەتیترین پەیوەندییەکانی ئەو کەسە لە گەڵ خۆی و جیهانیشدا دەگۆڕێت. سەیروورە چ لە رووی دەرنجام و هۆکارەوە و چ لە ڕووی کاتەوە جیاوازە لە کردە و رووداوە نۆرماڵەکان، چونکە سەیروورە پرۆسەیەکی بەرەبەرەو پێشبینی نەکراوە. ئەوەی لە نێو پرۆسەی سەیروورە دا گۆڕانی بەسەردا دێت، مەسەلە لەپێشینەکانی مرۆڤ و ئەو کاتیگۆرییانەیە کە پەیوەستە بە پۆلێنکردنی، ئنجا گۆڕان بە سەر واتاو پێگەی ئەو کەس و شتە لە جیهاندا دەهێنێت. سەیروورە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و نانواندنەوەی مرۆڤ لە گەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی دا. تووشی سەیروورە هاتن ، سەیروورە نییە بە شێوەیەکی گشتی ، واتە ئێمە دەستبەرداری ئەوەی هەین نابین بۆ بووبنە شتێکی تر (سەیروورە لاساییکردن و هاوشوناس بوون نییە ) ئنجا کاتێک سەیرووورەیەک بۆ شتێک یان کەسێک ڕوودەدات مەسەلەکە بەمشێوەیە گۆڕانی بەسەردا دێت : فلان "نابێت" بە فیسار [بۆ نموونە بوونبە باڵندە یان ئاژەڵ] تاکوو فیساریش خۆی نەبێتە شتێکی تر [بوونبە نووسین یان بوونبە مۆسیقا] کە لەم دەقەدا نموونەکان زیاتر مەسەلەکە ڕوون دەکاتەوە. وەرگێڕ

[3] le devenir–femme لەنێو ئەو سەیروورانەی کە دۆلووز لەم کتێبە و لە کتێبەکانی تری ئاماژەی پێ دەکات، سەیرووورەی ژن شوێنێکی بنەڕەتی هەیە. چونکە بە بۆچوونی ئەو هەموو سەیرووورەکان بە سەیرووورەی ژن دەست پێ دەکات. چونکە هیچ بوونبە ـ پیاوێک بوونی نییە، واتە پیاو خۆی بنەمایەکی زۆرینەیی هەیە، لایەنی دووەمیش ئەوەیە کە بوونبە ـ ژن پەیوەستە بەو ڕاڤانەی کە دۆلووز و گواتاری سەبارەت بە ئارەزوو لە دەروونشیکاری باسیان لێوە کردووە. دۆلووز پێی وایە بوونبە ـ ژن، واتە تێکشکاندنی پێکهاتەی ئۆدیپی خێزان و لێدانە لە سەنتریاڵێکی پیاوانە و باوکانە، بوونبە ـ ژن واتە بوونبە بە هێڵێکی هەڵاتن و وەرگرتنی دۆخێکی کەمینەیی و دروستبوونی ڕیزۆمە جیاوازەکان. ئەو پێی وایە: "سەیروورە ناچێتە نێو واتا و ڕێڕەوەکانی ترەوە و ئێمە نابینە پیاو، چونکە پیاو وەک فۆرمێکی دەربڕینی هەژموونیی، ئامادەیی هەیە وا خۆی دەردەخات کە خۆی بەسەر هەموو کەرەستەیەکدا دەسەپەنێت، لە کاتێکدا ژنان هەمیشە ڕەگەزێکی **هەڵهاتنیان** تێدایە، کە خۆیان لەو فۆرمانە دەدزنەوە پێی پەیوەستن. هاوکات کاتێک ژنێک تووشی سەیروورە دەبێت، ئەوا ئەو بوونبە ـ ژنی هەیە و ئەم سەیرووورەیە هیچ پەیوەندییەکی بە حاڵەتێکەوە نییە کە ژن توانیبێتی پشتی پێ ببەستێت. سەیروورە بەدەستهێنانی فۆرمێک نییە، واتە (دەستکەوتنی شووناسێک، کۆپیکەرەوەی کەسێک، لاساییکردنەوە) نییە، بەڵکوو دۆزینەوەی زۆنێکی درواسێیەتییە، ناکۆپیکراو و جیانەکراوەیی کە ناتوانین چیتر وەک ژنێک بیناسینەوە و جیای بکەینەوە: نە دیاریکراوە نە گشتیی، بەڵام چاوەڕاوننەکراوە، ***نا ـ لە پێشدابوونی*** هەیە". دیارە سیفەتی لە سووبێکت کەوتن و دەستنیشانکراوای کە لە بوونبە ـ ژن لای دۆلووز و گواتاری بەرجەستە دەبێت بووە هۆکاری شەپۆلێکی ناڕەزایی لە ساڵانی هەشتا لای فێمینستەکان، چونکە ئەوان پێیان وابوو بەم چەمکە خەبات و دەستکەوتەکانی ژن دەکەوێتە مەترسییەوە کە ژن ئیتر ناتوانێت ئەوەی بەدەستی هێنابوو واتە بوونبە سووبێکت بانگەشەی بۆ بکات. وەرگێڕ

میژووی فەلسەفەوە نییە و زیاتر لە لایەن ئەو کەسانەوە روودەدات کە میژووی فەلسەفە ناتوانێت پۆلێنیان بکات.

سەیروورە هەرگیز لاساییکردنەوە نییە و لەگەڵ هیچ مۆدیلێکدا هاوتەریب ناکرێت، ئەگەرچی مۆدیلێکی دادپەروەری و هەقیقەتیش بێت. هیچ سنوورێک نییە لێی دەرچین یانژی پێی بگەین یاخود دەبێت پێی بگەین. هیچ سنوورێکیش نییە کە خۆیان جێگۆڕکێ بکەن. پرسیاری ئەوەی «تۆ دەبیت بەچی؟» بە شێوەیەکی تایبەت گەمژانەیە. چونکە بەو پێیەی کە کەسێک تووشی سەیروورە دەبێت [دەبێتە شتێک]، ئەو شتەی کە ئەم دەیبێتێ بە هەمان شێوەی خودی خۆی دەگۆڕێت. سەیروورەکان دیاردەکانیی لاساییکردنەوە و ئاوێتەبوون نین، بەڵکوو خستنەژێر بارێکی دوولایەنە، پەرەسەندنێکی ناهاوتەریب لە زەماوەندێک[4] لەنێوان دوو دەسەڵاتدارێتیدا. زەماوەندەکان هەمیشە دژە سرووشتن. پێچەوانەی پەیوەندی ژن و مێردایەتین. هیچ ماشێنێکی دوولایەن بوونی نییە: پرسیار - وەڵام، نێر - مێ، مرۆڤ - ئاژەڵ، هتد، رەنگە ئەمە بتوانێت وەک دیمانەیەک بێت بۆ رێڕەوێکی سەیروورە. زەردەواڵە و گوڵی ئۆرکیدە نموونەیەکیی باشمان پێ دەدەن. وا دەردەکەوێت گوڵی ئۆرکیدە دەبێتە دروستکەری وێنەیەکیی زەردەواڵە لای ئێمە، بەڵام لە راستیدا بوونبە - زەردەواڵەیەکی ئۆرکیدە بوونی هەیە، لەگەڵ بوونبە - ئۆرکیدەیەکیی زەردەواڵە، خستەژێربارێکی دوولایەنە چونکە «شتێک» کە کەسێک دەبێت بە ئەوە، «بوونبە چ کەسێک»ی ئەویش تاڕادەیەکیی زۆر دەستنیشان دەکات.

زەردەواڵە دەبێتە بەشێک لە ئەندامی پیتاندنی گوڵی ئۆرکیدە، لە هەمانکاتدا گوڵی ئۆرکیدە دەبێتە ئەندامی وەچەخستنەوە بۆ زەردەواڵە، تاقە شتێک و تەنانەت سەیروورە، تەنیا بواری سەیروورە، بەهەماشێوە ڕێمی شاوڤین باسی دەکات، «پەرەسەندنێکی نا - تەریبی دوو بوون کە بە هیچ شێوەیەک هیچکامیان پەیوەندییان پێکەوە نییە». بوونبە - ئاژەڵەکانی مرۆڤ بوونیان هەیە کە پەیوەست نین بە بوونبە سەگ یان پشیلە، پاشان ئاژەڵ و مرۆڤ تەنیا لەسەر ڕێڕەوەیەکی هاوبەشی **لەقەڵەمڕووەخستن**[5] بەریەک دەکەون، بەڵام بە شێوەیەکیی ناهاوکات.

---

[4] Les noces پەیوەندیی نێوان دوو رەگەز مەبەستە بێ هیچ گرێبەستێکی یاسایی یان کەوتنە ژێرباری هیچ نۆرمێکی کۆمەڵایەتیی.

[5] la déterritorialisation

هاوشێوەی باڵندەکەی مۆزارت: بوونبە ـ باڵندەیەک لەنێو ئەم مۆسیقایەدا بوونی هەیە بەڵام لەنێو بوونبە ـ مۆسیقای باڵندەدا جێگەی گرتووە، هەر دوو فۆرمەکە یەک سەیرووروەیان هەیە، یەک بوار، پەرەسەندنێکی نا ـ هاوتەریب، نەک بوونبە یەکتر، بەڵکوو «نهێنییەک بێ هیچ ئەگەری بەردەنگێک»، بەهەمان شێوە یەکێک لە ڕاڤەکەرانی مۆزارت دەیڵێت ـ کورتە دیمانەیەک.

سەیروورەکان، زۆر هەست پێنەکراون، ئەو ئەکتانەن کە تەنیا دەتوانن لەنێو ژیاندا هەبن و لەنێو ستایلێکدا دەرببڕێن. شێوازەکانیی [نووسین و هونەر] بە هەمان ئاستی شێوازەکانیی ژیان وەک بنەما هەژمار دەکرێن. لەنێو ستایلدا ئەوە وشەکان نین کە گرنگ بن و هەژمار بکرێن، نە ڕستەکانیشن، نە ڕیتم و فیگەرەکانیشن. لەنێو ژیانیشدا ئەم شتە چیرۆکەکان و پرەنسیپەکان و بەرەنجامەکان نین. دەتوانن هەمیشە وشەیەک بە وشەیەکیی تر جێگۆڕکێ پێ بکەن. ئەگەر ئەوەتان بەدڵ نەبێت، ڕازیتان نەکات، ئەوا وشەیەکیی تر وەرگرن، ئەمیان لە شوێنی ئەودا دابنێن. گەر کەسێک بەم وریاییە ئیش بکات، هەمووان دەتوانن لێی تێ بگەن، و چیتر ململانێ لەسەر هۆکاری خستنە ڕووی پرسیار و ناکۆکییەکان نامێنێت. هیچ وشەیەکی پاک بوونی نییە، هەروەها هیچ میتافۆرێک (هەموو میتافۆرەکان وشەی پیسن یان وشەی پیس دروست دەکەن). تەنیا وشە ناڕوونەکان بۆ دەستنیشانکردنی شتەکان بە ڕوونی و دروستی بوونی هەیە. با وشە ناوازەکان دروست بکەین ئەویش لە بارۆخێکدا کە بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی بەکارببرێن بۆ دروستکردنی هەبوونی زاتێک کە وشەکان بەهەمان شێوەی ناونیشانی شتێکی زۆر باو ئاماژەی بۆ دەکەن. ئەمڕۆ شێوازێکی نوێی خوێندنەوە دەخەینە ڕوو. یان ڕەنگە نووسینیش. لەنێو ئەمانەدا وشە خراپ و پیسەکان بوونیان هەیە. بۆ نموونە هەست دەکرێت هەندێک کتێب لە پێناو ڕاپۆرتێک نووسراون کە گومان دەکرێت ئەو ڕۆژنامەنووسێک بووبێت ئەمەی کردبێت، تەنانەت پێویستیش بەم ڕاپۆرتە نەبووبێت، بەڵکوو پێوستی ئەمانە تەنیا خولقاندنی وشەی بەتاڵە (دەبێت ئەم کتێبە بخوێنیتەوە! بەناوبانگە! با دەست پێ بکەین! خۆتان دەیبینن!) ئەمە دەوترێت تاوەکوو خوێندنەوەی کتێب و ئامادەکرنی وتارەکە وەلا بنرێت. باشترین شێوازی خوێندنەوە لە ئەمڕۆدا گەیشتن بە جۆرێک مامەڵەکردنە لەگەڵ کتێب هاوشێوەی ئەوەی گوێ لە قەوانێک بگرین یان سەیری فیلمێک بکەین یان بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی، یان گوێگرتن لە گۆرانییەک: هەر جۆرە مامەڵەکردنێک لەگەڵ کتێب کە بانگەشەی ڕێزێکی تایبەتی بۆ بکات و بە شێوەیەکی تر سەرەنجی بدات، لە سەردەمێکی ترەوە دێت و بەشێوەیەکی ڕاشکاو کتێب بچووک

دەکاتەوە. لێرەدا باس لە قورسی یان تێگەیشتن ناکرێت: چەمکەکان ڕێک وەک دەنگ و ڕەنگ و وێنەکانن، ئەوە "گوژم"[6]ـەکانن کە بۆ ئێوە شیاو یان ناشیاون، قبووڵ دەکرێن یان ناکرێن. ئەمەیە پۆپفەلسەفە[7]. هیچ شتێک بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن بوونی نییە. دەمەوێت بڵێم چی شتێک ستایلە. ستایل تایبەتە بەو کەسانەی کە زۆر جار دەوترێت: «ئەوان ستایلیان نییە... ». ستایل بونیادێکی واتادار نییە یاخود ڕێکخستنی عەقڵی یان سروشێکی لائیرادی، نواندنی ئۆرکێستڕایەک یان موسیقایەکی بچووکیش نییە. ستایل **گرێچنە**[8]، گرێچنی دەربڕین. ستایل لە ئەنجامی لاڵەپەتێ لەنێو زمانی خۆتدا ڕوودەدات. ئەستەمە، چونکە دەبێت زەروورەتێک بۆ ئەم لاڵەپەتییە بوونی هەبێت. نەک لاڵەپەتێ بوون لەنێو قسەکردندا، بەڵکوو لاڵەپەتیبوون لەنێو خودی زماندا. وەک بێگانە بوونێک لەنێو زمانی خۆتدا. دروستکردنی **هێڵێکی هەڵاتن**[9]. نموونە زۆر کاریگەر و بەرچاوەکان بۆ من: کافکا و بێکێت و گێراسیم لۆکا[10] و گۆدارە. گراسیم لۆکا یەکێکە لە شاعیرە مەزنەکانی نێو شاعیرە گەورەکانی تر: ئەو لاڵەپەتییەکی ناوازەی تایبەت بە خۆی داهێنا. ئەو توانی خوێنەری گشتی بۆ شیعرەکانی دروست بکات، و بۆ دووسەد کەس بیخوێنێتەوە، ئەمەش بۆ خۆی ڕووداوێک بوو، ڕووداوێک کە لە لایەن ئەم دووسەدە کەسەوە ڕوویدا و تێپەڕی، و پەیوەست نەبوو بە هیچ ڕێباز و قوتابخانە و بزاوتێکەوە. هەرگیز شتەکان بەو شێوەیە تێ ناپەڕن کە بیری لێ دەکەینەوە، یان لەو ڕێگایەنەوە کە دەیزانین.

دەکرێت بەردەوام ناڕازەیەتی دەربڕن دژ بەو نموونە گونجاوانەی کە ئاماژەی پێ دەدەین، کافکای جوولەکەی چێک کە بە ئەڵمانی دەنووسێت، بێکەتی ئێرلەندی کە بە ئینگلیزی و فەرەنسی دەنووسێت، گێراسیم لۆکای بە ڕەچەڵەک ڕۆمانی و تەنانەت ژان لوک گۆداری سویسری. ئێ چی؟ ئەمانە هیچ کاتێک کێشە نییە بۆ هیچکام لەوان. تەنانەت لەنێو یەک تاقە زمانیشدا دەبێت جووتزمان[11] بین، دەبێت خاوەنی زمانێکی کەمینە بین لە

---

[6] Intensité چەمکی "گوژم" لای دۆلووز ئاماژەیە بۆ جیاوازییەکی تەواو پەتی، و جیاوازی پەتی وەک پێکهاتەیەکی بنەڕەتی بوون دەخاتە ڕوو، هەروەها ماشێنێکی جەنگیشە دژ بە "وێنەی دۆگمایی هزر"، واتە دژ بەو فەلسەفەیەی کە پەیوەستە بە شوناسێکی ئۆرجیناڵەوە یان بانگەشەی ئەوە بۆ خۆی دەکات. وەرگێڕ

[7] **pop’philosophie** وشەیەکیی دروستکراوی دۆلووزە لە ساڵانی حەفتا و دواتر لەگەڵ گواتاریش ئەم وشەیان لە کتێبی "ئەنتی ئۆدیپ" لەساڵی 1972دا بەکارهێنا. ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ خەونێکی دۆلووز کە بتوانێت کتێبێکی فەلسەفیی بنووسێت کە بتوانێت بەهەمانشێوەی کەسانی پسپۆڕ لەو بوارەدا کاریگەریشی لە سەر خەڵکانی ئاسایی و نائاسایی هەبێت و بتوانن لێی تێبگەن. وشەی "پۆپ" لێرەدا مەبەست مۆسیقای پۆپە کە لەو ساڵانەدا هەمووانی کردبووە بەردەنگی خۆی. - وەرگێڕ -

[8] Agencement لە کۆتاییدا ڕوونکردنەوەی پێویستم لەسەر ئەم چەمکە داوە. وەرگێڕ

[9] Une ligne de fuite

[10] **Ghérasim Luca**

[11] bilingue

هەناوی زمانی خۆماندا، دەبێت وا لە زمانی خۆمان بکەین کە بەکارهێنانێکی کەمینەیی هەبێت. فرەزمانی تەنیا خەسڵەتێکی سیستەمێکی زۆر نییە کە هەر کامەیان لە هەناوی خۆیاندا یەکپارچە بن. بەڵکوو ئەمە خەسڵەتیی *هێڵی هەڵاتنە* یان گۆڕانێک کە کاریگەری دەکاتە سەر هەر سیستەمێک و ڕێگر دەبێت لەوەی یەکدەست بن. پرسەکە لەسەر قسەکردنی ئێرلەندییەک یان ڕۆمانییەک نییە بە زمانێک جگە لە زمانی خۆی بەڵکوو بە پێچەوانەوە، قسەکردنی ئەوە بە زمانی خۆی وەک زمانی بێگانەیەک. پرووست دەڵێت: «کتێبە جوانەکان بە چەشنە زمانێکی بێگانە نووسراون. هەرکام لە ئێمە وێنەیەکیی زەینی دەبەستینەوە بە هەر ڕستە و واتایەک کە زۆرجار ئەمە بەلاڕێبردنە[12]. بەڵام لەنێو کتێبە جوانەکاندا هەموو بەلاڕێبردنێکان وا دەکەن کتێبەکان جوان بن[13]». ئەمە باشترین شێوازی خوێندنەوەیە: هەموو بەلاڕێبردنێک جوانە، ئەویش لە هەلوومەرجی ئەوەی ئەم بەلاڕێبردنانە وەک ڕاڤەکردن نەخەمڵێنرێن بەڵکوو پەیوەستن بن بە بەکارهێنانی کتێبەوە، کە ئەمە بەکارهێنانی کتێب فرەتر دەکات و دەبێتە هۆکاری ئەوەی زمانێک لەنێو ئەو زمانەدا دروست بکات. «کتێبە جوانەکان لەنێو جۆرە زمانێکی بێگانەدا دەنووسرێن..» ئەمەیە پێناسەی ستایل. لێرەدا جارێکی تر پرسی **سەیرووره** دەخرێتەوە ڕوو. خەڵک زۆرجار بیر لە داهاتوویەک پەیوەست بە گەورەیی و زۆرینەیان دەکەنەوە (کاتێک گەورە بووم، ئەگەر دەسەڵاتم هەبێت)، لە کاتێکدا پرسەکە بریتییە لە بوونبە کەمینە: ئەویش نەک خۆنوادن، یان لاساییکردنەوەی منداڵان، شێت بوون، ژن، ئاژەڵ، لاڵەپەتێ بوون یان بێگانە بوون، بەڵکوو بوونبە هەموو ئەمانەیە لە پێناو خولقاندنی هێزە نوێیەکان یان چەکە نوێیەکان.

ژیانیش بەمشێوەیەیە. لەنێو ژیانیشدا جۆرێک لە ناشی بوون و تەندروستی خراپ و بنەمای لاواز و لاڵەپەتێ بوونی هەیە کە دەبێتە هۆی دڵڕفێنی کەسێک. دڵڕفێنی سەرچاوەی ژیانە بەهەمنشێوە کە ستایل سەرچاوەی نووسینە. ژیان بە سەرهاتی ئێوە نییە، ئەوانەی دڵڕفێنییان نەبێت ژیانیان نییە، ئەوان هەروەک مردوو وان. بەڵام دڵڕفێنی کەسێک هاوتا نییە لەگەڵ هەموو شتێکی کەسێک. چونکە ئاوێتە و دەرفەت و سوتفەی

---

[12] Contresens خۆی بە واتای" لێکدانەوەی هەڵە" و "هەڵە تێگەیشتن" دێت لە بابەتێک، بەڵام لەبەر گونجاندن لەگەڵ دەقەکەدا لێرە "بەلاڕێبردن"م داناوە. دیارە دۆلووز لە چەند شوێنێکی تردا باسی لە مەسەلەیی بێگانەبوونی لەنێو زمانی خودی نووسەر کردووە و پێی وایە کە کتێبە باشەکان هەلی ئەوە بۆ خوێنەر دروست دەکەن کە خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت و ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر ستایلەکەی. پێداگری لەسەر ئەوەش دەکات کە ئەم خوێندنەوە جیاوازانە کە ئێمە لێرە بەلاڕێبردن یان لێکدانەوەی هەڵە دامانناوە، نابێت وەک ڕاڤەکردنی دەق بزانرێت. و مەبەستی "پرووست"یش لێرە ستایل و ناوازەیی ئەمجۆرە کتێبانەیە. وەرگێڕ

[13] Proust, Contre Sainte-Bouve, éd. Gallimard, p. 303.

تایبەتە کە دڵڕفێنی لە ئەنجامی ئەمانەوەیە. دڵڕفێنی هەڵدانی زارە لە لایەن کەسی سەرکەووتووەوە چونکە هەڵدانی زار سەلمێنەری سوتفەکردنە نەک جیاکەرەوە یان گریمانە دانان بۆ ئەگەر و سوتفە. لە ڕێگای هەموو ئاوێتەیەکی لاواز ئەوە هێزی ژیانە کە بەڵێ دەکات ئەویش بەوپەڕی هێز و پێداگرییەوە لەسەر بوون. سەیرە کە چۆن بیرمەندە مەزنەکان لەکاتێکدا تەندروستییەکی لاواز و خراپیان هەیە، لە هەمانکاتدا ئەوان ژیان تا ئاستی هێزێکی موتلّق یان «تەندروستییەکیی مەزن» بەرەو پێشەوە دەبەن. ئەمانە کەسەکان نین، بەڵکوو خەسڵەتی ئاوێتەبوونی تایبەتی ئەوانە. دڵڕفێنی و ستایل لە وشە خراپەکانن، دەبێت شتێکی تریان بۆ بدۆزرێتەوە و بکرێتە بەدیل بۆیان. لە هەمانکاتدا کە دڵڕفێنی هێزێکی ناکەسی دەبەخشێتە ژیان کە دەکەوێتە ئەودیوی کەسەکانەوە، بەهەمانشێوە ستایلیش ئامانجێکی دەرەکیی دەبەخشێتە نووسین تا کە نووسینەکە تێ دەپەڕێنێت. مەسەلەکەش بەهەمانشێوەیە: نووسین لەنێو خۆیدا پەیوەست نییە بە ئامانجێکەوە، ئەویش ڕێک لەبەر ئەوەی ژیان شتێکی کەسی نییە. تەنیا ئامانج و نووسین ژیانە، ئەویش لە ڕێگای ئەو پێکهاتنانەی ژیان دەری دەهێنێت. ئەمەش پێچەوانەی «گرژەدەمارە[14] » کە ژیان لە ڕێگایەوە بەردەوام پارچە پارچە، سووک و بە کەسی دەکرێت و سەرکۆنە دەکرێت و نووسین خۆی بە ئامانجی خۆی دەزانێت. نیچە بە پێچەوانەی کەسانی گرژە دەمارەوە بەو تەندروستییە خراپەی کە هەیبوو زۆر ژیاندۆست ترە، دەنووسێت: «هەندێکجار وا دەردەکەوێت هونەرمەند و بە شێوەیەکی تایبەت فەیلەسووف سوتفە و پێشهاتێکە لە سەردەمەکەی خۆیدا.. لەگەڵ دەرکەوتنیدا، سروشت کە هەرگیز نابزوێ، یەکەم بازدانی خۆی دەکات، کە ئەمە بازدانی و بزووتنی شادییە، چونکە بۆ یەکەمجار ژیان هەست دەکات گەیشتووە بە ئامانجی خۆی ، لە شوێنێکدا کە سروشت یاری لەگەڵ ژیان دەگات و بوون بە ئەو دەبێتە بەشێکی سەرەکیی ئیشەکەی. ئەم کەشفە ژیان درەوشاوە دەکات و ئەو ماتییە شکۆمەندەی ئێواران وا مرۆڤەکان ناوی لێ دەنێن جوانی و دڵڕفێنی لەسەر ڕوخساری دابنیشێت[15]».

کاتێک ئیش دەکەین بەوپەڕی ناچارییەوە لەنێو تەنیاییەکی موتڵەقداین. ناتوانین ڕێباز و قوتابخانە دروست بکەین، یان بەشێک لە قوتابخانە و ڕێبازێک بین. تەنیا ئیشێک بکرێت لە تاریکی و بە نهێنییەوەیە، بەڵام ئەمە تەنیاییەکی زۆر قەرەباڵخە. نەک قەرەباڵخی خەونەکان، یان فەنتازیا و پرۆژەکان بەڵکوو قەرەباڵخی بەرکەوتن و دیدارەکانە. دیدار و

[14] La névrose
[15] Nietzsche, Schopenhaur éducateur.

بەرکەوتنێک ڕەنگە هەمان سەیرووره یان زەماوەند بێت. لەنێو قووڵایی ئەم تەنیاییەدایە کە دەتوانیت بگەی بە هەر بەرکەوتن و دیدارێک. ئێمە چاومان بە کەسەکان دەکەوێت (هەندیک جار بێ ئەوەی بیانناسین یان هەرگیز ئەوانمان دیبێت) بەڵام لە هەمانکاتدا لەگەڵ بزووتنەوەکان و ئایدیاکان و ڕووداوەکان و زاتەکانیش بەرکەوتن و دیدار دەکرێت. هەموو ئەمانە ناوی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام هەموو ناوێکی تایبەت هەموو شتێکی کەسێک یان سووبێکتێک دەستنیشان ناکات. ناوی تایبەت دەستنیشانی کاریگەرییەک یان زیگزاکێک و شتێکە کە لەنێوان دوو شتدا تێ دەپەڕێت یان لەنێوان ئەواندا ڕوودەدات، وەک ئەوەی لە ژێر کاریگەری جیاوازی پۆتانسییەلێکدا بێت: «کاریگەری کۆمپۆتۆن»، «کاریگەری کێلڤین». هەمان ئەم شتانەشمان سەبارەت بە سەیرووره‌کان وت: ئەمە سنوور و ماوەیەک نییە ببێت بە ئەوی تر، بەڵکوو هەر کامەیان بەر ئەوی تر دەکەون، یەک سەیرووره کە بۆ ئەو دوانە وەک یەک نییە، چونکە ئەو دوانە پەیوەندییان بە یەکەوە نییە بەڵکوو ئەم "سەیروورەیە" شتێکە لە نێوان ئەم دوانە و ڕێڕەوی تایبەتیی خۆی هەیە جۆرە پەرەسەندنێکی ناهاوتەریب. سەیرووره بەمشێوەیە کەوتنە ژێرباری دوو لایەنە، زەردەواڵە «و» ئۆرکیدەیە: تەنانەت شتێکیش نییە لەنێو ئەوی ترياندا، یان شتێک لەنێو ئەمەی تریاندا هەبێت، یان شتێک کە بیگۆڕنەوە یان تێکەڵی بکەن، بەڵکوو چەند شتێکە لە نێوانیان لە دەرەوەی هەردووکیان و بەرەو ئاراستەیەکیی تر دەڕوات. دیدار و بەرکەوتن و دۆزینەوەیە، خستە ژێر ڕکێفە، دزینە، بەڵام هیچ میتۆدێک بۆ دۆزینەوە بوونی نییە، تەنیا ئامادەکارییەکی دوور و درێژ نەبێت. دزی پێچەوانەی دزیی ئەدەبییە، تەنانەت کۆپی کردن یان لاساییکردنەوە و هاوشێوەی ئەمانەش نییە. خستە ژێر بار بەردەوام خستنە ژێر بارێکی دوولایەنە، دزی هەمیشە دزییەکیی دوولایەنە، ئەمانە شتی هاوبەرانبەر دروست ناکەن، بەڵکوو بوارێکی ناهاوکات و پەرەسەندنێکی ناتەریب و زەماوەند دروست دەکەن، مەسەلەکە هەمیشە لە «دەرەوە » و لە «نێوان»دایە. هەربۆیە گفتوگۆ بەمشێوەیە دەبێت.

بەڵێ من دزی هزرەکانم

لێ نا، نەخێر، ڕفێنەری ڕۆحەکان نیم

لە سەر ئەو شتانەی پێی دەڵێن چاوەڕوانی

سازاندم و دەیسازێنمەوە

چونکە لە سەر لمی کەناراوەکان

تەلاری زۆریان پێکەوەناوە

لەو شوێنەی کە لەبەردەستدایە،

بەر لە زەمەنی من

وشەیەک، هەوایەک، دیرۆکێک، دێڕێک

کلیلەکانی نێو بابوون، زەینی منیان دەکردەوە

شنەبای باخچەی پشتەوەیان بەسەر هزرە داخراوەکانم هەڵدەکرد

ئیشی من نییە، دانیشتن و تێڕامان

بۆ ڕوانین و لەدەستدانی کات

بۆ بیرکردنەوە لەو هزرانەی کە بیریان لێ نەکراوەتەوە

بۆ بیرکردنەوە لەو خەونانەی وا بەدی نەهاتوون

یان ئەو ئایدیا نوێیانەی هێشتا نەنووسراون

یان ئەو وشە نوێیانەی لەگەڵ کێشدا سازگارن..

چیمداوە لە ڕێسا نوێیەکان

ئنجا ئەوانە هێشتا دانەڕێژراون

هاواری ئەو شتە دەکەم وا لە مێشکمدا دەچریکێنێ

چونکە ئەزانم ئەوە من و لە ڕەگەزی منن

ئەم ڕێسا تازانە دادەڕێژن

کێ دەڵێ خەڵکانی سبەی

هەر پێویستییان بە ڕێساکانی ئەمڕۆ دەبێ

کەواتە هەمووتان کۆببنەوە، پارێزەرە گشتییەکان

دونیا هیچ نییە جگە لە دادگایەک

بەڵێ

بەڵام من باشتر لە ئێوە تۆمەتبارەکان دەناسم و

کاتێ ئێوە سەرقاڵی لێپێچینەوەیانن

ئێمە سووکباڵ فیکە لێ دەدەین

هۆڵی دادگاییەکە خاوێن دەکەینەوە

بە گسکدانەوە بە گسکدانەوە

بەگوێڕادێرانەوە بە گوێڕادێرانەوە

چاو لێک دادەگرین

وریا بن

وریا بن

نۆرەی ئێوەش وا دادێ[16].

ئەم شیعرەی بۆب دیلان، لەخۆباییانە و سەمەرە بوو لە هەمانکاتیشدا خاکەڕایی پێوە دیارە. ئەم شیعرە هەموو شتێک دەڵێت. مامۆستا، دەمەوێت وەک بۆب دیلان بگەمە ئاستی ئامادەکردنی گۆرانییەک، واتە بەرهەمهێنەرێکی سەیر زیاتر تا دانەرێک. بەمشێوەیە وەک ئەو دەست پێ بکات، کتوپڕ، لەگەڵ ماسکی لیبۆکەکەی، لەگەڵ هونەرێک بە هەموو وردەکارییەکی هەماهەنگراو، دەستبەجێ و بێ تێفکرین. دەمەوێت بە پێچەوانەی دزێکی ئەدەبییەوە، هەروەها بە پێچەوانە مامۆستایەک یان مۆدێلێک بم، واتە ئامادەکارییەکی دوور و درێژ هەبێت، بەڵام نە میتۆد و ڕێسا یان ڕێکارێک لە ئارادا نەبێت. دەمەوێت زەماوەند بکەم، بەڵام بێ پەیوەندی ژن و مێردایەتی و هاوسەرگیری. بوونی جانتایەک و دانانی هەموو ئەو شتانەی بەریان دەکەوم لە ناویدا بەو مەرجەی خۆیشم لەنێو جانتاکە دابنێم. دۆزینەوە، بەرکەوتن و دیدار و دزی لە باتی ڕێسا و ناسین و دادوەری کردن. چونکە ناسین پێچەوانەی دیدار و بەرکەوتن و دادوەری کردنە، ئەمە پیشەی زۆربەی

[16] Bob Dylan, Ecrits et dessins, éd. Seghers (traduction modifiée).

خەڵکە، بەڵام نەک پیشەیەکیی باش، بەڵکوو جۆرێک لە بوون بە باوە کە زۆربەی خەڵک دەنووسن. باشترە مرۆڤ کەناسی بکات تا دادوەری. تا زیاتر لە ژیانمان تووشی هەڵە بین، زیاتر وانەیان لێ وەردەگرین. کەس هێندەی ستالینییەک بۆ پێدانی وانە بە نا ـ ستالینییەکان و ڕاگەیاندنی «ڕیسا نوێیەکان» باش نییە. ڕەگەزێکی تەواوی دادوەرەکان بوونی هەیە، کە مێژووی هزر لەگەڵ ئەم دادگایە تێکەڵ دەکات، ئەم ڕەگەزە بانگەشەی دادگایی **عەقڵی پەتی،** یان **ئیمانی پەتی..** دەکات هەر بۆیە خەڵکی زۆر بە ئاسانی لە جێگە و بە ناوی کەسانی ترەوە قسە دەکەن، و هەندێک حەزیان لە پرسیارکردنە، و دەزانن چۆن بیخەنە ڕوو و وڵامیان بدەنەوە. لە نێویاندا هەن کە دەخوازن دادگایی بکرێن، لانیکەم بۆ ئەوەی وەک تاوانبار ددانیان پێدا بنرێت. سەبارەت بە عەدالەتیش، ئەوان بانگەشەی پەیڕەوکردنی دەکەن، تەنانەت ئەو ڕیسایانەی کە خولقێنراوە، یان ئەو باڵاییەی کە بانگەشەی دەکرێت پەردە لە سەر ئەو هەستانە داماڵێت کە ئەوانی هانداوە. عەدالەت و ڕاستی لە ئایدیا خراپەکانن. دەبێت بەم هاوکێشەیەی گۆدار دژیان بوەستینەوە: نەک وێنەیەکی ڕاست، بەڵکوو تەنیا یەک وێنە. لە فەلسەفەشدا هەر بەمشێوەیە، بە هامنشێوە لەنێو فیلمێک یان گۆرانییەک: نەک ئایدیا ڕاستەکان، تەنیا ئایدیاکان. ڕێک ئایدیاکان، بە واتای بەرکەوتن و دیدارەکانە، سەیرووڕەیە، دزی و زەماوەندە، لە «نێو ئەم دوانە »شدا تەنیاییەکانە. کاتێک گۆدار دەڵێت: دەمەوێت ببمە ئۆفیسێکی بەرهەم هێنان، بە دڵنیاییەوە مەبەستی نییە بڵێت: دەمەوێت فیلمەکانی خۆم بەرهەم بهێنم، یان دەمەوێت بە کتێبەکانی خۆمدا بچمەوە. مەبەستی تەنیا ئایدیاکان بوو، چونکە کاتێک گەیشتینە ئەو ئاستە، هەموومان تەنیاین، بەڵام هاوکات وەک ئەنجوومەنێکی پیلانگێڕانیش. چیتر ئێمە نووسەر نین، بەڵکوو ئۆفیسی بەرهەم هێنانین. هەرگیز کەسی نێو قەرەباڵخی نین. بوون بە «باند»: باندەکان لەنێو خراپترین جۆری مەترسیدا دەژین، دروستبوونی دادوەرەکان، دادگاکان، قوتابخانەکان، خێزانەکان و هاوسەرگیرییەکان، بەڵام ئەوەی کە بە باشی لەنێو باندێک هەیە لە بنەمادا، ئەوەیە هەر کەسەو کاروباری خۆی لەگەڵ بەرکەوتنی لەگەڵ ئەوی تردا ڕادەپەڕێنێت، هەر کەسە و دەستکەوتی خۆی دەهێنێت، سەیرووڕەکەی خۆی دادەڕێژێت، بلۆکێک دەست بە جووڵە دەکات، کە چیتر هی کەس نییە بەڵکوو «لەنێو» هەمووانە، وەک ئەو بەلەمە بچووکانە مناڵەکان بەرەڵای دەکەن و دیار نامێنێ و ئەوانی تر دەیدزن. ئایا لەو دیمانە تەلەفزیۆنییانەی کە لە زنجیرەی «2×6» گۆدار و ئان ماری مێڤیل [17]

---

[17] لە ساڵی 1976 دا گۆدار لەگەڵ ئان ماری دا زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی دروست کرد بە ناونیشانی "شەش کەڕەت دوو" کە لە ڕێگایەوە هەوڵیاندا هەموو ڕێساکانی سینەما و بینین و بیستن تێک بشکێنن تاکوو ببێتە کەرەستەیەک بۆ هێرشکردنە سەر ڕێسا چەسپیوەکانی کۆمەڵگە، هەروەها بۆ سەر مانای کار و ئینجا زمانیش. "شەش" لێرەدا ئاماژەیە بۆ شەش

دروستیان کردووە، جگە لەو بەکارهێنانەکەی زۆر دەوڵەمەنە لە تەنیاییەکەیان، کە وەک کەرەستەیەک بۆ دیدار و بەرکەوتنیان بەکارهاتووە، هەروەها ڕەچاوکردنی هێڵێک یان بلۆکێکیشە لە نێوان دوو کەسدا، بەرهەم هێنانی هەموو دیدارەکانە بە جووتگرتەوە، پیشاندانی «و»ی لێکدرە[18]، نەک یەکگرتن، نەک هاوتەنیشتی، بەڵکوو لە دایکبوونی لاڵەپەتییە، نەخشاندنی هێڵێکی تێکشکاوە کە بەردەوام دەکەوێتە نزیک و تەنیشتەوە، جۆرە هێڵێکی هەڵاتنی ئەکتیڤ و داهێنەرانەیە؟ و ... و ... و ...

نابێت بەدوای ئەوەدا بین بزانین کە ئایدیایەک ڕاستە یان دروستە، بەڵکوو دەبێت بەدوای ئایدیایەکی تر بگەڕێین، لە شوێنێکی تر، لەنێو بوارێکی تردا، بە شێوەیەک کە لە نێوان دوو شتدا ڕوویدابێت، بەشێوەیەک نە لە نێو ئەمیاندا بێت و نە لەنێو ئەویان دا. بە شێوەیەکی گشتی ئێوە ناتوانن ئەم ئایدیایە بە تەنیایی بدۆزنەوە، یان سوتفەیەکی پێویستە، یان دەبێت کەسێکی تر بیدا بە ئێوە. پێویست بەوە ناکات زانا بن، ئەو بوارە بناسن و بیزانن، بەڵکوو تەنیا لەنێو بوارە زۆر جیاوازەکاندا فێری ئەم یان ئەو ئایدیا بن و تەواو. ئەمە لە[19] «cut-up» باشترە. ئەمە زیاتر ڕەوتێکی «pick-me- up» ی

ئەپیزۆدەکەی ئەم زنجیرەیە، "دوو" یش ئاماژە بۆ دوالیزمە وێرانکەرەکانی چەمکەکان. لەم زنجیرەیە هاوکێشەکەی گۆدار "نەک وێنەیەکی ڕاست، بەڵکوو یەک وێنەیە" کە دۆلووز خۆی ئەمە بە "نەک ئایدیایەکی ڕاست، بەڵکوو ئایدیایەک" جێگۆڕکێ پێ دەکات. ئەم فیلمەی گۆدار خۆیشی بە سرووش لە چەمکی "ڕیزۆم"ی دۆلووز وەرگیراوە، کە تێیدا گۆدار کەڵک لە ئایدیای کورت، تێکشانەکان، تایبەتمەندی فەزای دابڕاو و پچڕوا، و کۆمەڵێک ڕەگەزی ناچوونیەک وەردەگرێت کە فۆرم و پێکهاتەی فیلمەکەی ڕیزۆماتیک کردووە. لەم فیلمەدا گۆدار کۆمەڵێک لایەنی تر دەخاتە ڕوو وەک دووبارەکردنەوەی خێرا، گەڕاندنەوە، لادان، وێنەگرتنی لە لاوە لە دەرەوەی بازنە، بۆ تێکدان و پچڕاندنی بینەر، ئەویش بە مەبەستی درزخستنە ئاستی تێگەیشتن بینەر. دۆلووز پێی وایە ئەم فیلمەی گۆدار لە بنەمادا "لە نێوان" دایە، لە نێوان وشە و وێنە، سینەما و تەلەفزیۆن، دەنگ و ڕەنگ، هەڵچوون و سیاسەت. مۆنتاژیش لێرە خۆی چەمکێکە "لە نێوان" دایە، پچڕانە لە نێوان دوو وێنە، دۆلووز پێی وایە ئەم پچڕانە دەبێت وەک لاڵەپەتێ سەیر بکرێت، کە بۆ گۆدار دەبێتە لاڵەپەتییەکی وێنەیی، واتە لاڵەپەتێی کەسێک نەک لە زماندا، بەڵکوو لە شێوازی بینینیدا، شوێنێک کە زمانی سینەما ڕادەوەستێت و دابەش دەبێت بۆ ڕەگەزەکانی، واتە بۆ سینەمایەکی مۆلۆکۆلی. وەرگێڕ

[18] دۆلووز لە گۆڤاری "کایە دۆ سینەما"دا دەنووسێت ئەوەی لەم ئیشەی گۆدار گرنگە "و"ی لێکدەرە. چونکە ئەم بەکارهێنانەی گۆدار لە "و" زۆر گرنگە. چونکە هەموو هزری ئێمە لە سەر کاری "هەبوون" دروست بووە. فەلسەفە خۆی لە ژێر باری کۆمەڵێک بڕیاری وەسفی وەک "ئاسمان شینە" و بڕیاری وجودی وەک "خوا بوونی هەیە" و نەبوونی کورتکردنەوە یان کورتکردنەوەی ئەم دوانە لە یەکدا چەماوەتەوە. بەهەر حاڵ هەموو ئەم بڕیارانە پەیوەستن بە کاری "هەبوون". تەنانەت ئامرازە لێکدرەکانیش پەیوەستن بەم کاری "هەبوونەوە". "و" تەنیا وشە و ئامرازێکی لێکدەر نییە ، بەڵکوو ئامرازێکیشە هەموو پەیوەندییەکان ئاشکرا دەکات، هێندەی "و" ەکان پەیوەندی بوونی هەیە، "و" تەنیا پەیوەندییەکان ئاوەژوو ناکاتەوە، بەڵکوو هەبوون و کار و هتد ئاوەژوو دەکاتەوە. هەروەها «و ... و ... و» ڕێک لاڵەپەتییەکی داهێنەرایە، بەکارهێنانێکی ناباوە لە زمان، و ئەمەش پێچەوانە ئەو بەکارهێنانە باو و زاڵ و سازشکارەیەتی لەگەڵ کاری "هەبوون" دا. وەرگێڕ

[19] مەبەست لە تەکنیکی بڕینە لە چیرۆک و ڕۆماندا کە ئەم تەکنیکە سەرەتا لای دادائیستەکان پەرەی پێ درا بەوەی کە لە دەقێکدا کۆمەڵێک نووسینیان دەبڕی و هەڵیاندەگرتەوە بۆ نووسینەوەی دەقێکی نوێ، بەڵام لەساڵی پەنجاکان لای چیرۆکنووس و ڕۆماننوسی ئەمریکی ویلیەم . س. باروزیش ئەم تەکنیکە تاقی کرایەوە. ئەویش بە چەند شێوەیەک : 1. دەقی نووسەری تری لە سەر نووسینەکانی خۆی زیاد دەکرد. 2. هەندێک دەقی لاوەکی تری کۆلاژی دەقە سەرەکییەکە دەکرد کە بڕا بوو. 3. دزی ئەدەبیش بەکار دەهێنا و دەقی نووسەری تێکەڵ بەوەی خۆی دەکرد بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکات. وەرگێڕ

«cut-up»ـە ـ کە لە قامووسدا ـ واتای کۆکردنەوە، هەلوومەرج، سەرلەنوێ خێرایی مەکینە، سەرکردنی مەکینەیە دەدات، ئینجا واتای سێکسیشی هەیە. «cut-up» ی بارووز[20] هێشتا میتۆدێکی شیمانەییە[21] ، لانی کەم لەنێو زمانەوانیدا، نەک شێوازێکی لێکدابڕینی سوتفە یان شانسێکی تەنیا، کە هەموو جارێک لایەنە ناچوونیەکەکان تێکەڵ بە یەک دەکات. بۆ نموونە هەوڵدەدەم ئەوە ڕوونبکەمەوە کە شتەکان، و خەڵکی لە سەر هێلی زۆر جیاواز تێکەڵ دەکرێن، کە بە شێوەیەکی پێویست تەنانەت خۆیشیان نازانن کە لە سەر کام هێڵن، نەک کێشانی ئەو هێڵەش کە خۆیان دروستیان کردووە: بە کورتییەکەی جوگرافییەک لەنێو خەڵکیدا بوونی هەیە، جوگرافییەک بۆ هێڵە ڕەقەکان، هێڵە نەرمەکان و هێڵەکانی هەلاتن و هتد. دەبینم هاوڕێکەم ژان پیەر سەبارەت بە شتی تر ئەوەم بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هاوسەنگی نەختینەیی وەک هێڵێک ڕەفتار دەکات لە نێوان دوو جۆر کرداری بەڕواڵەت سادەدا، بەڵام ڕێک هەر ئەم هێڵەیە کە ئابووریزانەکان دەتوانن بەرەو هەر کوێ بیانەوێت بیکێشن، تەنانەت ئەگەر نەزاننیش بەرەو کوێ بیکێشن. ئەمە دیدار و بەرکەوتنە. بەڵام لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ ژان پیەر، لەگەڵ بوارێک، لەگەڵ ئایدیایەک، لەگەڵ وشەیەک، لەگەڵ جووڵەیەک؟ لەگەڵ فانی[22] هەرگیز لە ئیشکردن بەمشێوەیە نەوەستاوم. ئایدیاکانی فانی بەردەوام ئاوەژووی کردووم، ئەم ئایدیانە لە شوێنی زۆر دوورەوە دەهاتن، کە ئێمە هاوشێوەی تیرێژەکانی دوو چرا بەریەک دەکەوتین. لە کاتی ئیشکردنیدا فانی، ڕێی لە چەند شیعرێکی لارێنس کەوت لە سەر کیسەڵەکان، من هیچم لە سەر کیسەڵ نەدەزانی، هەر بۆیە ئەمە هەموو شتێکی لا گۆڕیم سەبارەت بە بوونبە ـ ئاژەڵەکان [سەیرووروەی ئاژەڵ]، بە دڵنیاییەوە نازانرێت کە چ جۆرە ئاژەڵێک دەکەوێتە نێو سەیرووروەکانییەوە، ئایا کیسەڵەکانن، یان زەرافەکان؟ ئەمە لارێنسە کە دەڵێت: «ئەگەر من زەرافەم، ئەوا ئەو خەڵکە ئینگلیزەی سەبارەت بە من دەنووسن گەلەسەگێکی دەستەمۆ کراوبن، ئاژەڵەکان زۆر جیاوازن، ئێوە دەڵێن منتان خۆش دەوێ، بڕوام پێ بکەن ئێوە منتان خۆش ناوێ، واتە ئێوە بە شێوەیەکی غەریزی ڕقتان لەو ئاژەڵەیە، کە منم». دوژمنەکانمان سەگەکانن. بەڵام لە ڕاستیدا دیدار و بەرکەوتن لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشمان ئەوێ واتای چییە؟ ئایا

---

[20] **William S. Burroughs**

[21] probabilités

[22] فانی گرانژوا هاوژینی ژیل دۆلووز وەرگێڕی بەرهەمەکانی دی . ئێچ. لارێنسە بۆ سەر زمانی فرەنسی، کە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەمەوە دۆلووز ئاشناییەکی باش بە لارێنس پەیدا بکات و لە زۆر لەو بابەتانەی لە سەر ئەدەبیات نووسیویەتی ئاماژە بە ستایل و نووسی لارێنس بکات. وەرگێڕ

دیدار و بەرکەوتنە لەگەڵ کەسێک، یان لە گەڵ ئەو ئاژەڵانەی کە دێن و قەرەباڵختان دەکەن، یان لەگەڵ ئەو ئایدیایانەی کە بەسەر ئێوەدا زاڵ دەبێت، یان لەگەڵ ئەو جووڵانەی کە ئێوەی خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، یان ئەو دەنگانەی کە بە ئێوەدا تێدەپەڕن؟ چۆن ئەم شتانە لێک جیاکەینەوە؟ دەتوانم قسە لە سەر فۆکۆ بکەم، باسکردنی ئەوەی کە ئەم شتانەی پێ وتووم، بە وردەکارییەوە بەو شێوەیە کە دیومە. شتەکە بەو شێوەیە نییە کە نەمزانیبێت چۆن بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بەر کۆی ئەم دەنگە زرە کەوتبم، بەر ئەم جووڵە بڕیاردارنە، ئەو ئایدیانەی کە هەموویان کڵپەکەرن، لە وریابوونێکی زیاد لە ڕادەو و داخرانێکی لە ناکاو، لەو پێکەنین و زەردەخەنانەی کە هەست دەکەین «مەترسیدارن» تەنانەت لەو ساتەش کە لەنێو ئەوانەدا هەست بە سۆز و خۆشەویستی دەکەین ـ ئەم زنجیرەیە وەک پێکهاتەیەکی ناوازە شیاو و تایبەتی فۆکۆ دەبێت. پیاوێکی بێ مەرجەع، بەهامنشێوە فرانسوا ئیوالد دەڵێت: ئەمە جوانترین ستایشە .. ژان پییەر، تاقە هاوڕێیەک کە نە هەرگیز دەستبەرداری بووم و نە هەرگیز دەستبەردارم بوو.. و "ژێرۆم" ئەم تارماییە لە کاتی ڕێکردندا، لە کاتی جووڵەدا، لە هەموو شوێنێکدا ڕووچووەتە نێو ژیان، ئەو سەخیبوونەی، خۆشەویستی لە سەرچاوەیەکی نهێنییەوە وزە وەردەگرێت ... ژوناس ... لەنێو هەرکامەماندا وەک زوهدێک وایە، بەشێکە دژ بە خۆمان هەڵدەگەڕێتەوە. ئێمە بیابانین، بەڵام دانیشتوانەکەی خێڵ و ژیانی کێوی و گژوگیایە. کاتەکانمان بۆ ڕێکخستنی ئەم خێڵە بە سەر دەبرد، یان ڕاگرتنی بە شێوەیەکی تر، و سڕینەوەی هەندێکیان، تاکوو گەشە بە ئەوانی تریان بدەین. هەموو ئەم خێڵانە، هەموو ئەم دانیشتوانە، ڕێگر نەبوون لە بەردەم بیابان، کە زوهدی ئێمە بوو، بە پێچەوانەوە زوهد لەوێ بوو، ئەم خێڵانە لە ڕێگای زوهد تێ دەپەڕێن، و بەسەریدا تێ دەپەڕێن. لەنێو "گواتاری"دا هەمیشە جۆرێک لە شەڕەگای کێوی بوونی هەبووە، بەشێکی دژ بە خۆی کاری دەکرد. بیابان، ئەزموونکردنە لە سەر خود، و تاقە شوناسی ئێمەیە، تاقە شانسمانە بۆ هەموو ئەو پێکهاتانەی کە نیشتەجێی ئێمەن. هەر بۆیە پێمان دەڵێن: ئێوە مامۆستا نین، ئێوە هێشتا زۆر خنکێنەرن. چەندین جار خوازیاری ئەوە بووین شتێکی تر بین.

من لای دوو مامۆستا خوێندوومە کە زۆرم خۆش دەوێن و ستایشانم زۆر کردووە ئەوانیش فێردنیان ئالکیە و ژان هیپۆلیت بوون. دواتر هەموو شتێک بە خراپ شکایەوە. یەکێکیان دەستێکی درێژی سپی هەبوو هەروەها لاڵەپەتییشی هەبوو کە نەماندەزانی ئەم لاڵەپەتییەی هی منالییە و هەر لە گەڵیدایە یان بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەیەتی شێوەزاری ناوچەکەی خۆی بشارێتەوە و ئەمەی خستبووە خزمەت دوالیزمی دیکارتییەوە. ئەوی

تریان، ڕوخسارێکی بەهێزی و سیمایەکی ناتەواوی هەبوو، و ڕێتمی مشتەکوڵەکانی لە سەر سێ بنەماکەی هیگڵ، بە وشەکاندا هەڵدەواسی. لە سەردەمی ئازادیدا ئێمە بە شێوەیەکی زۆر سەیر لە نێو مێژووی فەلسەفەدا چەقیبووین. تەنیا دەگەڕاینەوە سەر هیگڵ و هۆسرێل و هایدیگەر، پەلەپەلمان بوو وەک توولە سەگەکانی نیو فەلسەفەی سکولاستیک و سەدەکانی ناوەڕاست. بە خۆشحاڵییەوە سارتەر هەبوو. سارتەر **دەرەوەی**[23] ئێمە بوو، ئەو لە ڕاستیدا وەک هەوایەکی باخچەی پشتەوە بوو (لە ڕاستیشدا زانینی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هایدیگەردا لە گۆشەنیگای مێژوو بەرەو داهاتوو، بۆمان گرنگ نەبوو). لە نێو هەموو ئەگەرەکانی سۆربۆن، ئەو تاقە پێکهاتەی ناوازە بوو کە هێزی ڕێکخستنەوەی نوێی پێ دەبەخشین. سارتەر هەرگیز لە بوون بەم شتە نەوەستا، نەک وەک مۆدێل، یان میتۆد و نموونە، بەڵکوو وەک هەوایەکی پاک، هەوایەک تەنانەت ئەگەر لە گژوگیاکانیشەوە هەڵی کردبێت. ڕۆشنبیرێک کە بە تایبەت بارودۆخی ڕۆشنبیری گۆڕی. پرسیارکردن لەوەی کە سارتەر سەرەتا یان کۆتایی چ شتگەلێکە گەمژانەیە. وەک هەموو شتەکان و خەڵکانی داهێنەر، ئەویش لە ناوەڕاستدایە، لە ناوەڕاستدا گەشە دەکات. ئەوەی کە دەمێنێتەوە بیڵێم ئەوەیە هەستم نەکردووە بوونگەرایی هیچ سەرەنجڕاکێشییەکی بۆم هەبێت لەو سەردەمە، هەروەها هیچ خولیایەکم بۆ فینۆمینۆلۆژیایش نەبووە، لە ڕاستیشدا نازانم بۆچی، بەڵام ئەمانە ببوون بە مێژوو کاتێک ئێمە گەیشتین پێی، زیاتر میتۆد و لاساییکردنەوە و ڕانان و ڕاڤەبوون، جگە لە سارتەر خۆی. بەڵام پاش سەردەمی ئازادی، مێژووی فەلسەفە لە سەر ئێمە توندترکرایەوە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، ئەویش لە ژێر ئەو بیانووەی کە داهاتووی هزر بۆ ئێمە دەکاتەوە، لە کاتێکدا خۆی هزرێکی زۆر کۆن بوو. «پرسی هایدیگەر» بۆ من ئەوە نەبوو: ئایا ئەو نازی بووە یان نا؟ (بەدڵنیاییەوە، بەدڵنیاییەوە) ـ بەڵکوو ئەمەبوو: ڕۆڵی ئەو چی بوو لە نێو ئەم موترووبە نوێیەی لە نێو مێژووی فەلسەفەدا؟ هزر، کەس ئەم شتە بە جیدییەوە وەرناگرێت، جگە لەو کەسانەی بانگەشەی بیرمەند بوون دەکەن یان ئیشیان

[23] Le Dehors "**دەرەوە**" یەکێکە لەو چەمکانەی دۆلووز کە لە گەڵ زۆر مەسەلەی تری وەک شێتی و لە پەیوەندی لە گەڵ ئەدەب و هەروەها لە پەیوەندی لە گەڵ هزردا باسی لە سەر کردووە. بە بۆچوونی دۆلووز "هزر هەمیشە لە دەرەوە دێت، و خۆی بەرەو دەرەو ئاراستە دەکات، و بەشێکە لە دەرەوە، و پەیوەندییەکی ڕەهای لە گەڵ دەرەوەدا هەیە". چونکە هزر توانایەکی مەعریفی جەوهەری نییە، بەڵکوو هەمیشە لە ژێر کاریگەری بەرکەوتنێکدایە، و بەرکەوتنیش هەمیشە بەرکەوتنێکی دەرکییە، ئنجا ئەم لایەنی دەرەوەو دەرەکییە لەنێو چوارچێوە ئەزموونییەکەدا نابێتە واقیعی جیهانی دەرەوە ، بەڵکوو پەیوەستە بەو هێزە ناچوونیەکانەی کاریگەری دەکەنە سەر هزر، کە گوشار دەخەنە سەر هزر، گوشار خستنە سەر هزریش بیرکردنەوەیە لەو شتانەی هزر هێشتا بیری لێ نەکردووەتەوە، و ئەمە وا دەکات بیرکردنەوە بەرەو شوێنێکی تر پاڵ پێوە بنرێت. و هێز و پاڵنەرەکانیی دەرەوە هەبوونیان لەبەر ئەوە نییە کە لە دەرەوە دێن، بەڵکوو بۆ ئەوەیە هزر دەخەنە حاڵەتی دەرەکییەوە. وەرگێڕ

وتنەوەی فەلسەفەیە. بەڵام ئەمە بەو واتایە نایە کە هزر دەزگای دەسەڵاتی نەبێت ـ و ئەمەش لە ڕاستیدا دەزگای دەسەڵاتی هزرە کاتێک بە خەڵک دەڵێت: بە جیدییەوە وەرمنەگرن، من بیرتان بۆ دەکەمەوە، پاشان ڕێکخستنتان پێ دەبەخشم، نۆرمەکان و ئینجا ڕێساکان، وێنەیەکتان پێ دەبەخشم، بەوەی کە ئێوە دەتوانن زیاتر پەیڕەوی لێ بکەن، کەچی دەڵێن: «ئەمە ئیشی من نییە، گرنگ نییە، بەڵکوو ئیش و کاری فەیلەسووفەکان و تیۆرییە پەتییەکانیانە».

مێژووی فەلسەفە بەردەوام داردەستی دەسەڵات بووە لە نێو فەلسەفەدا، تەنانەت لە نێو هزریشدا. مێژووی فەلسەفە ڕۆڵی چەوسێنەری دیوە: چۆن بێ ئەفلاتون، دیکارت، کانت و هایدیگەر دەتانەوێت بیر بکەنەوە، و هەروەها بێ ئەم کتێب و ئەو کتێب لە سەر ئەوان؟ ئەمە ناوازەترین قوتابخانەی تۆقاندنە کە پسپۆڕەکانی هزر دروست دەکات، بەڵام وا لەو کەسانەش دەکات کە لە دەرەوەی ئەم قوتابخانەیە ماونەتەوە، زیاتر هاوشێوەی ئەو پسپۆڕییە بن وا گاڵتەی پێ دەکەن. وێنەیەکی هزر، کە بە فەلسەفە ناوبراوە، بە شێوەیەکی مێژوویی دروستکراوە و بە شێوەیەکیی باش ڕێگرە لە خەڵکانێک کە بیر دەکەنەوە. پەیوەندی فەلسەفە لە گەڵ دەوڵەت تەنیا لە کۆنەوە یان لە ئێستاوە سەرچاوە ناگرێت، زۆربەی فەیلەسووفەکان «مامۆستای زانکۆ» بوون (هێشتاش هەر وا کراوە، لە فرەنسا و ئەڵمانیا ، بە واتایەکیی کەمێک زۆر جیاوازتر). ئەم پەیوەندییە لە شوێنێکی دوورترەوە دروستبووە. ئەویش ئەوەیە کە هزر وێنە فەلسەفەییە پەتییەکەی خۆی لە دەوڵەتەوە وەردەگرێت ئەویش وەک ناواخنێکی جوانی جەوهەری یان سووبێکتیف. هزر دەوڵەتێکی تەواو ڕۆحی دروست دەکات، وەک دەوڵەتێکی موتڵەق، کە ئەمە بە هیچ شێوەیەک خەون نییە، ئنجا ئەم دەوڵەتە لە ڕاستیدا لە نێو ڕۆحدا کارایی پەیدا دەکات. لێرەوە گرنگی هەندێک چەمکی جیهانی وەک میتۆد، پرسیار و وەڵام، دادوەری، دانپێدانان و ناسینەوە، ئایدیای دروست، هەمیشەیی بوونی ئایدیای دروست سەرهەڵدەدات. لێرە گرنگی هەندێک تیمای وەک کۆماری ڕوحەکان، لێکۆڵینەوە لە تێگەیشتن، دادگای عەقڵ، «ماف»ێکی پەتی هزر، لەگەڵ وەزیرەکانی ناوخۆ و فەرمانبەرانی هزری پەتی سەرهەڵدەدات. فەلسەفە چووەتە نێو پرۆژەی بوون بە زمانی فەرمی دەوڵەتێکی پەتی. بە شێوەیەک کە وانەی هزر خۆی لەگەڵ ئامانجەکانی دەوڵەتێکی ڕاستەقینە، لەگەڵ واتا هەژموونییەکان وەک خواستەکانی نەزمێکی دامەزراو دەگونجێنێت. نیچە لە سەر ئەم خاڵە لە ***شۆپنهاوەری مامۆستادا*** هەموو شتێکی وتووە. ئەوەی ورد و خاشکراوە و هەروەک گرفتێک ناسراوە، هەموو ئەو شتەیە کە پەیوەستە بە هزرێکی بێ وێنە، واتە کۆچەرییبوون، ماشێنی جەنگ،

سەیروورەکان، زەماوەندەکان دژ بە سروشت، دەستبەسەراگرتنەکان و دزییەکان، قۆناغی نێوان دوو پاشایەتیی، زمانە کەمینەکان و یان لاڵەپەتییەکانی نێو زمان، هتد. بە دڵنیاییەوە، بواری تر هەن کە فەلسەفە و مێژووەکەی دەتوانن هەمان ڕۆڵی سەرکووتکاری تێدا ببینن. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە ئەمڕۆ مێژووی فەلسەفە تووشی شکست هاتووە و «دەوڵەت چیتر پێویستی بە سزادان نەماوە لە لایەن فەلسەفەوە ». بەڵکوو بەرهەڵستکارە ڕەقەکان ئەم شوێنەیان داگیر کردووە. ئێپستمۆلۆژی شوێنی مێژووی فەلسەفەی گرتەوە. مارکسیسم دادوەری مێژوو دەشەکێنێتەوە و تەنانەت دادگای خەڵک، کە ئەمانە زۆر جێگەی نیگەرانییە لەوانی تر. دەروونشیکاری بەرە بەرە خۆی وەک «هزر» پیشان دەدات و بێ هۆکاریش نەبوو کە لەگەڵ زمانەوانییەوە یەکی دەگرتەوە. ئەمانە سێ دەزگای نوێی دەسەلاتن لە نێو هزر خۆیدا، مارکس و فرۆید و سۆسێر کە سەرکووتکارێکی سەیر بە سێ سەرەوە دروست دەکەن، زمانێکی هەژموونداری زۆرینە، ڕاڤە، گۆڕین، کە ئەمانە باس لە فۆرمە نوێیەکانی ئایدیای «دروست» دەکەن. تەنانەت نیشانە سێنتاکسییەکانی چۆمسکیش هەر لە سەرەتادا نیشانەی دەسەلاتە. زمانەوانی لەو کاتەوە سەرکەوت کە زانیاریش خۆی وەک دەسەلات پەرەپێدەدا، و وێنەی خۆی سەبارەت بە زمان و هزر دەسەپاند، و خۆی لەگەڵ گواستنەوەی دروشم و فرمانەکان و ڕێکخستنی زیادەکاندا[24] دەگونجاند. گەر بپرسین ئایا فەلسەفە مردووە، ئەوا ئەم پرسیارە هیچ واتایەکی گەورە نادات بە دەستەوە، لە کاتێکدا بوارگەلێکی زۆر ئەرک و کارایی فەلسەفەیان گرتووەتە دەست. ئێمە هیچ بانگەشەیەک بۆ مافی شێتی ناکەین، مادام شێتی خۆی لە ڕێگای دەروونشیکاریی و زمانەوانی تێ دەپەڕێت، مادام دزەی کردووەتە نێو ئایدیا دروستەکان، نێو کولتوورە بەهێزەکان و یان مێژوویەکی بێ گۆڕانکاری، مادام شێتی لیبۆکەکانی خۆی و مامۆستاکان و سەرۆکە بچووکەکانی هەیە. هەربۆیە بە مێژووی فەلسەفە ئەو کاتەی هێشتا خەریکی خۆسەپاندن بوو دەستم پێ کرد. بەش بە حاڵی خۆم هیچ ڕێگایەکم نەدەدۆزییەوە بۆ خۆ دەربازکردن لێی. نە تاقەتی دیکارتم هەیە، نە دوالیزمەکانی نە کۆجیتۆش. نە هیگڵ، نە سێ بنەماکەی نە نێگەتیڤەکەی. هەربۆیە ئەو نووسەرانەم خۆشویستووە کە وا دەردەکەون کە بەشێکن لە مێژووی فەلسەفە، بەڵام لە لایەک یان هەموو لایەکییەوە هەڵاتوون: لۆکریتیۆس، سپینۆزا، هیوم، نیچە، بێرگسۆن. بێگومان هەر مێژوویەکی فەلسەفە بەشێکی خۆی هەیە، سەبارەت بە ئەزموونگەراکانیش: ژان لوک و

[24] l'organisation des redondance

بڕێکلی شوێنی خۆیان هەیە، بەڵام لای هیۆم شتێکی زۆر سەیر بوونی هەیە کە بە تەواوەتی ئەزموونگەراکان دەگۆڕێت و هێزێکی نوێی دەبەخشێت، ئەویش پراکتیک و تیۆری پەیوەندییەکانە، ئامرازی لێکدەری "و"، کە لای راسێل و ئالفرێد وایتهاد بەدوایدا دەچین، لە پەیوەندی لەگەڵ پۆلێنکردنە مەزنەکاندا بە شاراوەیی و پەراوێزخراوەیی ماوەتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم پۆلێنکردنە مەزنانە بووبێتنە هۆکاری سروش بەخشین بە چەمکە نوێیەکانی لۆژیک و ئیپستمۆلۆژی. بێ گومان بێرگسۆن شوێنی خۆی لە نێو مێژووی فەلسەفەی فرەنسی دا گرتووە، و بۆیە چەند شتێکی لەودا هەیە کە هاوشێوەی نییە، هەر بۆیە ئەو ئاژاوەیەکی ناوەتەوە، و هەموو کەسە ناکۆکانی لە خۆی کۆکردووەتەوە، بووەتە بابەتی ڕقیان، ئەمەش زیاتر لە بەر تیمای "ماوەیە" لای ئەو تاکوو تیۆری و یان پراکتیکی سەیرووڕەکان بە هەموو شێوەکانیان و فرەیی پێکەوەژیانەکان. ئنجا سپینۆزا زۆر ئاسانتر دەتوانین ئەو شوێنە گەورەیە بدەین بە ئەو کە دراوە بە دیکارتییەکان، تەنانەت ئەو لەم شوێنەدا لە هەموو لایەکەوە زیاتر سەرکەوتووە، هیچ تەرمێکی زیندوو نەبووە کە قەبرەکەی هەڵداتەوەو ئنجا بڵێ: «من یەکێک نیم لە ئێوە ». بێ گومان ئەوە سپینۆزایە کە من بە شێوەیەکی زۆر جیدی بە پێی نۆرمەکانی مێژووی فەلسەفە ئیشم لە سەر کردووە، بەڵام ئەمە ئەو بووە کە زۆرترین کاریگەری لە نێو ئەم ڕەوتەدا لە سەر من هەبووە کە هەر جارەو دەیخوێنمەوە لە پشتەوە پاڵتان پێوە دەنێت بۆ ئەو سواری گسکی ئەو جادووگەرە بن. تەنانەت دەستنەکراوە بە تێگەیشتن لە سپینۆزا، لەمبارەیەوە منیش زیاتر نیم لە کەسانی تر. هەموو ئەم بیرمەندانە پێکهاتە و تەندروستییەکەی لاوازیان هەیە، لەگەڵ ئەمەشەدا بە ژیانێکی کۆڵنەدەرانە تێپەڕیوون. ئەوان تەنیا بە هێزێکی ئەرێنی و بەڵێکردنەوە بەرەو پێش دەڕوون. هەموویان جۆرە پەرستشێکی ژیانیان تێدایە (خەون بەوە دەبینم کە یاداشتێک لە ئەکادیمییای زانستە ئەخلاقییەکان بنووسم لە سەر ئەوەی کە کتێبەکەی لۆکریتۆس ناتوانێت لە سەر وەسفکردنی تاعون کۆتایی پێ هاتبێت، چونکە ئەمە دروستکراوە، ساختە و تەزویرکردنی دەستی ئەو مەسیحییانەیە کە ویستوویانە ئەوە پیشان بدەن کە بیرمەندێکی زیانبەخش دەبێت لە نێو قەلەقی و ترس و تۆقیندا کۆتایی پێ بێت). ئەم بیرمەندانە تاڕادەیەک پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبووە ـ جگە لە نیچە و سپینۆزا - بەڵام بابەتی پەیوەندیداریان هەیە. دەوترێت چەند شتێک لە نێوانیان ڕوویداوە، ئەویش بە خێرایی و گۆژمێکی جیاواز، کە ئەمە نە لە نێوان ئەوان و نە لە نێو ئەماندا نەبووە، بەڵکوو لە ڕاستیدا لە نێو فەزایەکی ئایدیاڵدا بووە کە نابێتە بەشێک لە مێژوو، تەنانەت دیالۆگی

مردووەکانیش، بەڵکوو دیمانەیەکە لە نێو فەزای ئەستێرەکان، لە نێوان ئەستێرە زۆر نایەکسانەکان، کە سەیروورە جیاوازەکان بلۆکێکی جووڵاوی دروستکردووە و توانیوانە پەیامی یەکتر وەرگرن، دروستکردنی فرینێکی ناوخۆیی و ساڵە تیشکییەکان. پاشان من بەهای قەرزەکانم داوەتەوە بە نیچە و سپینۆزا کە منیان بێ بەری کردووە. کتێبێکی زۆریشم بەش بە حاڵی خۆم نووسیووە. پێم وایە ئەوەی کە بە هەر بارێکدا منی نیگەران کردووە، وەسفی ئەم وانەیەی هزر بووە، چی لای دانەر، چی لای خودی خۆی، ئەویش وەک نارەزایەتییەکی بەرانبەر بە وێنەی ترادیسۆنی کە فەلسەفە دەرهاوێژی بۆ کردووە، و لە نێو هزردا ڕێکیخستووەتەوە لە پێناو ملپێوەدان و ڕێگرتنی لە خستنەگەڕ. بەڵام نامەوێت لێرەدا جارێکی تر ئەم شتانە باس بکەمەوە، پێشتر هەوڵمداوە ئەم شتانە لە نامەیەکدا بۆ هاورێییەک واتە میشێل کرۆسیل باس بکەم، کە لە سەر من زۆر شتی باش و خراپی نووسیووە. دیدار و بەرکەوتنم لەگەڵ فێلیکس گواتاری زۆر شتی گۆڕی. فێلیکس ڕابردوویەکی سیاسی دوور و درێژی هەبوو، هەروەها ئیشوکاری پزیشکی دەروونی هەبوو، ئەو «فەیلەسووفی زانیاری» نەبوو، بەڵکوو ئەو زیاتر "بوونبە ـ فەیلەسووف" بوو، لەگەڵ زۆر سەیرورەی تری. هەرگیز ڕانەوەستاوە. کەم کەس هەستی جووڵەیان لە هەر چرکەساتێکدا بە من داوە، نەک گۆڕانکاری، بەڵکوو جووڵە بە هەموو لایەکدا بە یارمەتی ئەو ژێستەی کە کردوویەتیی، ئەو وشەیەی کە درکاندوویەتی، ئەو زرینگەی دەنگەی، هاوشێوەی **کالیدسکۆپیک**[25] کە هەر جارە و پێکهاتەیەکی نوێ دەداتە دەرەوە. فێلیکس بەردەوام وابووە، بەڵام ناوی تایبەت چەند شتێک دەردەخات کە ڕوویانداوە، نەک ئەوەی سووبێکت پیشان بدەن. فێلیکس مرۆڤی نێو گرووپەکان بوو، مرۆڤی باندەکان و خێڵەکان، لەگەڵ ئەمانەشدا مرۆڤێکی تەنیا بوو، بیابان بەم گرووپانە و بەم هاورێیانە ئاوەدان دەکرێتەوە، ئەویش لە ڕێگای هەموو سەیروورەکانیانەوە. ئیشکردن دوو کەسی، زۆر کەس ئەمەیان کردووە، برایانی گونکور، ئێریکمان ـ شارتیان، لۆرێل و هاردی. بەڵام هیچ ڕێسایەک یان هاوکێشەیەکی گشتی نەبووە لە نێوانیان. لە کتێبەکانی پێشووم هەوڵمداوە هەندێک وانەی هزر باس بکەم، بەڵام ئەم وەسفە هێشتا بە واتای وانەی هزر نایەت بەم شێوەیەی ئێستا. (بەهامنشێوە هوتافدان بۆ «بژیی فرەیی»، نابێتە هۆکاری فرەیی، بەڵکوو دەبێت فرەیی دروست بکرێت، و تەنیا ئەوەش بەس نابێت بڵێین «ڕووخانی ژانرەکان»، لە ڕاستیدا دەبێت بە شێوەیەک بنووسین کە چیتر هیچ «ژانر»ێک بوونی نەبێت، هتد). بەمشێوەیە لەگەڵ فێلیکس ئەگەری هەموو ئەمانە مسۆگەر دەبێت، تەنانەت

---

[25] kaléidoscope

ئەگەر نەگەینە ئەنجامیش. ئێمە دوانین، بەڵام ئەوەی کە بۆ ئێمە مەبەستە، کەمتر ئیشکردنە پێکەوە، کە واقعێکی ئیشکردنی سەیر لە نێوان هەردووکماندا هەیە. ئێمە لە بوونبە «دانەر» کەوتووین. و لە نێوان هەردوو ـ کماندا دەگەڕێینەوە بۆ کەسانی تر، کەسانی جیاواز بە هەر بارێکدا. بیابانەکە پەرەی سەندووە، بەڵام هێشتا دانیشتوانی زۆرتری دەوێت. ئەم شتە پەیوەست نییە بە هیچ قوتابخانەیەکەوە، بەڵکوو پرۆسەی ناسینە، و زیاتر پەیوەندی بە بەرکەوتن و دیدارەوە هەیە. هەموو چیرۆکی ئەم سەیرووورانە، زەماوەند دژ بە سروشت، پەرەسەندی نا ـ هاوتەریب و جووتزمانی و دزینی هزرەکان هەموویم لەگەڵ فێلیکسدا هەبووە، من فێلیکسیم دزیوە، هیوادارم ئەویش هەر ئەم شتەی بەرانبەر بە من کردبێت. دەزانی چۆن ئیشمان دەکرد، دووبارەی دەکەمەوە چونکە ئەمە زۆر گرنگە بۆم، پێکەوە ئیشمان نەدەکرد، لە نێوان هەردووکمان ئیشمان دەکرد. لە نێو ئەم بارودۆخانە، لەگەڵ بوونی ئەم جۆرە فرەییە، سیاسەت هەیە، ئەویش میکرۆسیاسەتە. بەهامنشێوە کە فێلیکس دەیڵێت، پێش "بوون" سیاسەت هەیە. ئێمە ئیشمان نەدەکرد، "دان-و-ستان"مان دەکرد. هەرگیز لە سەر یەک ڕیتم نەڕۆیشتووین، بەردەوام جیاواز ئیشمان کردووە: ئەوەی فێلیکس پێی دەوتم، لێی تێگەیشتووم و توانیوومە شەش مانگ پاش ئەوە بەکاری بهێنم، ئەوەشی من پێم وتووە، ئەو یەکسەر تێگەیشتووە، زیاتر لە سەلیقەی خۆیشم، یەکسەریش دەچووە سەر بابەتێکی تر. هەندێکجار لە سەر یەک چەمک نووسیومانە، پاشان هەستمان کردووە نەمانتوانیووە بە یەک شێواز کەڵکی لێوەرگرین: هەروەها بۆ «جەستە بێ ئەندامەکانیش[26]». هەروەها نموونەی تریش هەن. فێلیکس لە سەر کونە ڕەشەکان ئیشی کردووە، ئەم چەمکە ئەستێرەناسییە ئەوی کەمەندکێشی خۆی کردبوو. کونی ڕەش، ئەو شوێنەیە کە ئێوە دەگرێت و ناهێڵێت لێی دەرچن. فێلیکس ئەم پرسیارانەی لە خۆ دەکرد: چۆن لەم کونە ڕەشە دەرچین؟ چۆن لە قووڵایی کونی ڕەشەوە شتێکی تر بخەینە ڕوو؟ من زیاتر سەبارەت بە دیواری سپی ئیشم دەکرد: دیواری سپی چییە، پەردەیە، چۆن دیوار مەورەگ دەدرێت، و هێڵێکی هەڵاتن تێ پەڕێنین؟ دوو چەمکمان لێک نزیک نەدەکردەوە، هەستمان دەکرد کە هەرکامەیان بەرەو ئەوی تر ڕۆچوونی هەیە، بەڵام تەنیا لە پێناو بەرهەم هێنانی شتێک کە نە لە نێو ئەمیان و لە نێو ئەویاندا بوونی نەبوو. چونکە کونەڕەشەکان لە سەر دیواری سپی، ڕێک ڕوخسار بوو، ڕوخسارێکی درێژ بە گۆنای سپییەوە کە چاوە ڕەشەکانی کون دەکرد، و هێشتا لە ڕوخسار نەدەچوو، بەڵکوو ئەوە زیاتر گرێچن یان ماشێنی ئەبستراکتە کە دەمووچاو

---

[26] **Le corps-sans-organes** بۆ شیکردنەوەی زیاتری ئەم چەمکە بگەڕێنەوە بۆ کۆتایی ئەم بەشە. وەرگێڕ

دروست دەکات. هەربۆیە، کێشەکە سەری هەڵدەدایەوە، سیاسەت: کام کۆمەڵگا، و کام شارستانیەت پێویستیان بە خستنەگەڕی ئەم ماشێنە هەیە، واتە بەرهەم هێنانە، بۆ «کۆدرپێژکردنی» [کۆنترۆڵکردن]ی جەستە و سەر و ڕوخسارە، و بە چ مەبەستێک؟ ئەم شتە ڕوون نییە، چونکە ڕوخسارێکی خۆشویستراو، ڕوخساری بەرپرس، بە ڕوخسارکردنی جەستەی فیزیکی و کۆمەڵایەتی هەیە... ئەمەیە فرەیی، لانیکەم لەگەڵ سێ ڕەهەند دا ئەوانیش ئەستێرەناسی، جوانیناسی و سیاسەتن. هیچکام لەمانەش ناکەین بە میتافۆر، ناڵێین: ئەمانە «وەک» کونە ڕەشەکانی ئەستێرەناسین، «وەک» قوماشی سپین لە نێو شێوەکاریدا. ئێمە تێمای لەقەڵەمڕەوخستن بە کارناهێنین، واتە شتەکان لە ڕەگی بوارەکانیان دابڕین، ئەویش لە پێناو بە قەڵەمڕەوکردنەوەی چەمکێکی تر، «ڕوخسار» و «ڕوخسارداریتی» وەک بەکارهێنانێکی کۆمەڵایەتی. لە هەمووی خراپتر ئەوەیە هێشتا خەڵکی هەر خۆیان گیرۆدەی کونە ڕەشەکان دەکەن، خۆیان بە دیوارێکی سپی هەڵدەواسن. ئەمە دەستنیشانکردنی شوناس، تۆمارکردن، ناسینەوەیە: کۆمپیوتەرێکی مەرکەزی وەک کونێکی ڕەش ئیش دەکات کە دیوارێکی سپی کون دەکات بێ هیچ لێوارێک. ئێمە وشە بە وشە بێ کەم و زۆر قسە دەکەین. تەنیا ئەستێرەناسەکان سەرقاڵی توێژینەوەی ئەوەن کە لە نێو بازنەی بچووکی نزیک کاکێشاندا، ئەگەری هەموو جۆرە کونێکی ڕەش هەیە کە خۆیان لە چەقەوە لە شێوەی تاقە کونەڕەشێک وەک تەنێکی گەورە کۆ دەکەنەوە.... دیواری سپی ــ کونی ڕەش، ئەمە بۆ من نموونەیەکیی ئاساییە لە شێوازی ئەو ئیشکردنەی کە لە نێوان ئێمەدا گرێچن دەبێت، نەک کۆکردنەوەیە نە تێکەڵکردن، بەڵکوو هێڵێکی تێکشکاوە لە نێوان هەردووکمان درێژبووەتەوە، واتە پەیوەستە بە خێرازیادکردن، بە شاخۆچکە هەستەوەرەوە[27].

ئەمە میتۆدی pick- up ە. نەخێر، «میتۆد» وشەیەکی خراپە. بەڵکوو pick- up وەک شێوازێک وەربگرین، ئەمە وشەی "فانی" [مەبەست هاوژینی خۆیەتی ] یيە، کە ئەو تەنیا لەوە دەترسا کە زۆر یاری بە وشەوە بکات. pick- up لاڵەپەتییە. بەهاکەی تەنیا لەوەدایە کە دژ بە cut- up کەی باروز دابنرێت: نەک بڕینە، نە قەدکردن و دیسانەوە قەدکردنەوە، بەڵکوو فرەییەکانی ئەو ڕەهەندانەیە کە پەرەیان سەندووە. pick- up یان دووجاردزیکردن، پەرەسەندنێکی نا- هاوتەرییە، کە لە نێوان دوو کەسدا ڕوونادات، بەڵکوو

[27] Un **tentacule** ئەم وشەیە لە کوردیدا وەرنەگێڕاوە، بۆیە خۆم هەوڵمدا ئەم وشەیەی بۆ دابتاشم، شاخۆچکە هەستەوەر مەبەست شاخی هەستەوەری گیانداری بێ بڕبڕەیە کە بۆ هەستکردن و گرتن و خۆپێوە نووساندن بە کاری دەهێنێت، ئەم شتە لە هەند و گژوگیای تایبەتیشدا هەیە کە بۆ ڕاوکردنی مێشوولە بەکاری دەهێنن. وەرگێڕ

لە نێوان ئایدیاکاندا دروست دەکرێت، کە هەر کامەیان خۆی لەقەڵەمڕەو دەخات لە نێو ئەوی تردا، ئەویش لە سەر هێڵێک یان چەند هێڵێک کە هیچیان نە لە نێو ئەمدا بوونی هەیە لە نێو ئەودا و «بلۆک»ێک لەگەڵ خۆیان دەبەن. نامەوێت لە سەر ڕابردوو بیر بکەمەوە. هەنووکە، فێلیکس و من، خەریکی کتێبێکی قەبەین. خەریکە وا تەواو دەبێت و ئەمە دوایین کتێب دەبێت. دواتر دەبینین. شتێکی تر دەکەین. هەر بۆیە پێمخۆشە قسە لە سەر ئەو شتە بکەم کە ئێستا دەیکەین. نەک لە سەر ئایدیایەک لەو ئایدیایەنەی کە لە فێلیکسەوە سەرچاوە ناگرێت، لە تەنیشت فێلیکس ئایدیاکانی (کونە ڕەش، میکرۆ-سیاسەت، لەقەڵەمڕەوخستن، ماشێنی ئەبستراکت، هتد) بوونی هەیە. ئەمە ئەو ساتەوەختەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم  میتۆدە، ئەگینا هەرگیز لە ساتێکی تردا ناکرێت: تۆ و من، دەتوانین میتۆد لە نێو بلۆک و بوارێکی تردا بەکاربهێنین ئەویش لەگەڵ ئایدیاکانی تۆ، بە شێوازێک بۆ بەرهەمهێنانی چەند شتێک کە هی هیچکامان نەبێت، بەڵکوو لە نێوان 2، 3، 4 هتددا بێت. چیتر مەسەلەکە ئەوە نییە «فلان کە ڕوونکردنەوە لە سەر فلان دەدات، ئەوا فلان واژووی کردووە، «دۆلووز ڕوونکردنەوە لە سەر دۆلۆز دەدات، واژووی دیمانەسازی پێوەیە »، بەڵکوو «دۆلووز ڕوونکردنەوە لە سەر گواتاری دەدات، واژووی تۆ دەکات»، «فلان ڕوونکردنەوە لە سەر فیسار دەدات بە واژووی هین»، لێرەدایە کە دیمانە دەبێتە کارایيەکی تەواو. دەبێت لە دیوی لای ..... دیو و لایەنەکانی تر فرە بکەین، هەموو بازنەکان لە بەرژەوەندی فرەگۆشەکاندا بشکێنرێت.

## پەراوێز و ڕوونکردنەوە:

Agencement گرێچن: چەمکی گرێچن، چەمکێکی فەلسەفیی ژیل دۆلۆز و فێلیکس گواتارییە کە بۆ یەکەمجار ئەم چەمکەیان لە کتێبی "کافکا، بەرەو ئەدەبیاتی کەمینە" بەکارهێنا، بەڵام دواتر لە ئیشە دووقۆڵییەکانی تریشیاندا بەتایبەت لە بەرگی یەکەم ئەنتی ئۆدیپ: کاپیتالیزم و شیزۆفرینیا و لە کتێبی "هەزار ڕووتەخت"دا ئەم چەمکەیان بە ڕەهەندی فراوانتر و بگرە جیاوازتریش بەکارهێنا. چەمکی گرێچن پەیوەستە بە چەمکی "ماشێن"ـەوە. لە کتێبی ئەنتیی ئۆدیپدا دۆلووز و گواتاری پێیانوایە هەموو شتێک machineماشێنە. ماشێنەکان لای دۆلووز میتافۆر نین بەڵکوو بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە کە دەتوانن کاریگەری بکەنە سەر یەک. بۆ ئەو تاک، دەوڵەت، جەستە، ئارەزوو هەمووی ماشینە. بۆیە ماشێنەکانی ئارەزوو و دەسەڵات ئەو ماشێنەنان کە ماهیەتی هەر کۆمەڵگایەک پێناسەدەکەن، بە بۆچوونی ئەو چەند جۆرێک ماشێنی کۆمەڵایەتی هەیە

وەکو ماشێنی قەڵەمڕەوی، سەرکوتکاری و سەرمایەداری، خاڵی جیاکاریی نێوان ئەم ماشێنانەش ڕێژەی کۆنترۆڵکردنی ڕەوت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە.

ماشێنی قەڵەمڕەوی، ماشێنی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانە، لەم ماشێنی قەڵەمڕەوییەدا کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا زەوی گرنگییەکی زۆری هەیە. زەوی دەبێتە بابەتی سەرەکیی ئارەزوو. میکانیزمی سەرەکی ئەم جۆرە، سیستەمی خزمایەتییە کە لەسەر بنەمای هێڵەکانی کوڕ و باوک و یەکگرتنی خێڵەکان و بنەماڵەکان پەیوەندییەکانیان دیاری دەکەن. ماشێنی سەرکوتکاری یان ملهوڕی چینەکان دەکاتە جێگرەوی یەکگرتنەکانی پێشوو و شێوازێکی نوێ لە پەیوەندی دەخاتەڕوو کە خەڵک لەلایەن دەسەڵاتدارێکی دیکتاتۆر و ملهوڕەوە ڕاستەوخۆ پەیوەستدەبن بە خواوەندەوە، لێرە هەموو هێڵەکانی هەڵاتن [لە فەلسەفەی دۆلووزدا هێڵەکان بە واتای 'شێوازەکانی ڕێکخستنەوەی فەزا کۆمەڵایەتییەکان' دێن، کە سێ جۆر هێڵ لە فەلسەفەی دۆلووز بوونی هەیە، واتە سێ جۆر ڕێکخستنی و ئۆرگانیزەکردنی فەزا کۆمەڵایەتییەکان: هێڵەکانی مولێ : کە ئیشیان 'ڕێکخستن و لەقاڵبدانە'، هێڵەکانی مۆلۆکۆلی: 'کە شەپۆلئاسا و پەرشوبڵاون'، هێڵەکانی هەڵاتنیش کە ڕێڕەوی گۆڕان و گۆڕانکاریی شتەکانە]. وەکو هەڕەشەیەکی موتڵەق سەیردەکرێن و هەوڵدەدرێت سەرکوتکرێن. ماشێنی سەرکوتکاری لەو کۆمەڵگەیانەدا بوونی هەیە کە دەوڵەت لە چەقی دەسەڵاتدایە. دەوڵەت لەڕێگای کۆکردنەوەی سەرمایەوە و بە یارمەتیی سیستەمیی بیرۆکراسی و تەکنۆکراسی ئیشی بریتییە لە سەرکوتکردن و کۆددانان. بۆیە لەڕاستیدا ئیشی دەوڵەت بریتییە لە بەربەست دانان لە بەردەم ڕەوت و بزووتنە نوێکاندا, ئەوانەی کە بە هێڵێکی جیاوازتر ئیشدەکەن و لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا یەکناگرنەوە و دژە ناوەندن. دەوڵەت هاوکات دەتوانێت خۆی بگۆڕێت بۆ ماشێنی ئەبستراکت، واتە دەست بە سەراگرتنی فەزا مەدەنییەکان، فۆرمەکانی تری بەڕێوەبەرایەتیی پێچەوانەی ئەو فۆرمە ستوونییەی کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕدەبێتەوە.
یەکێکی تر لە ماشێنەکانی تر کە ئەوان باسی ماشێنی جەنگە machine de guerre ، ماشێنی جەنگی لای دۆلووز هەم دەتوانێت بزاوتێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی بێت و هەم بە واتای بزواتێکی هونەریش دێت، ماشێنی جەنگی بە واتای جەنگ و شەڕ نایەت بەڵکو ئامانجی گۆڕانە، کەرەستەکەیشی بریتییە لە گۆڕان و گۆڕانکاری نەک جەنگ، بۆیە هەر گرێچن یان بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە دەرەوەی دەوڵەت و لە دژایەتی و دژیەکی لەگەڵ دەوڵەتدا درووست ببێت بریتییە لە ماشێنی جەنگ/گۆڕانکاری. گرێچن لە چوار لایەنەوە خۆی پێناسە دەکات: ئەویش ناوەڕۆک و شێوازی دەربڕین و بە قەڵەمڕەوی و

له قەڵەمڕەویکەوتنە. لایەنی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دوو کۆمەڵەی لێکچوو کە لەوێدا ئایدیاکان و حاڵەتی شتەکان و بارودۆخەکان نوێدەبنەوە. ئینجا بەدوای ئەم لایەنەدا، گرێچن خۆی دابەشدەبێتە سەر ناوەڕۆک و دەربڕین، و گرێچنی ماشێنی جەستە و گرێچنی جەمعیی دەربڕینەکان. ناوەڕۆک و دەربڕین بریتیین لە پەیوەندییەکی پێش گریمانەکراو بەڵام دوو شێوازی لێکنەچووی تا ڕادەیەک سەربەخۆ و هۆکارێکی نێوانیان لە ڕێگای نواندنەوەیانەوەیە. دۆلۆوز بە ئاماژە بۆ فۆکۆ ئەوەمان بیردێنێتەوە کە لای ئەویش سرووشتی بیرکردنەوەیەکی بەم شێوەیە لەنێوان وتراو و بینراودا هەیە. هەر بۆیە لە کتێبی "چاودێری و سزادان" دroوستبوونی دەربڕینەکان لە سەر تاوانکاری و درووستبوونی شوێنێکی داخراو کە زیندانە لەگەڵ ئەوەی پێکەوە گرێدراون ، دوو جینالۆجیای جیاوازیان هەیە. دۆلۆوز و گواتاری بە پشتبەستن بەم بابەتە توانیویانە دوو هەڵوێستی دژیەک بەڵام لێکنزیک لە بواری تیۆریدا لەو سەردەمە ڕەتبکەنەوە: یەکێکیان زمانەوانی ستراکچەراڵیستەکانە (لەسەرتربوونی دەربڕینەکان کە ناوەڕۆکەکانیان دەگۆڕێت) و لایەکی تر مارکسیسزم (گرنگیدان و لەسەرتربوون بۆ ناوەڕوک کە دەربڕینەکە دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەی)، کە بە بۆچوونی ئەوان ناوەڕۆک و دەربڕین هەردووکیان نەک دوو فۆرمی پاسیڤن بەڵکو لە گرەوی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتن. ئەوەی دۆلۆز ناوی لێدەنێت گرێچن خۆی بریتییە لە "فرەیی multiplicité". لەگەڵ ئەوەی دۆلۆوز جیاکاری دەکات لەنێوان فرەیی ژمارە و فرەیی چۆنێتی و گرێچنەکانیش بە دوو جۆر هەژمار بکرێت. جیاوازیی نێوان فرەییەکان بریتیین لە : فرەییەکانی هێڵەکانی مۆلێر کە ئەم هێڵانە دەتوانرێت لە قاڵب بدرێن دابەشکرێن و بەگشتی بکرێن، و لە بەرانبەردا فرەییە چڕ و مۆلۆکولییەکان کە قابیلی لەقاڵبدانن نە بە گشتی دەکرێن و بێ ئەوەی لەبنەماوە نەگۆڕین ناتوانیت دابەشیانکەیت[بۆ نموونە جۆرەکانی ماشێن]. دەتوانین تایبەتمەندییەکانی ئەم دوو جۆر گرێچنە زیاتر باسبکەین. بۆ نموونە دۆلۆوز و گواتاری لە "هەزار ڕووتەخت" دا فرەییەکانی ڕیزۆم و درەخت جیادەکەنەوە، کە فرەییە ژمارەیی و چۆنییەتییەکانیان بەئاسانی لێکجیا دەکرێتەوە. سیستەمی درەختی " واتە سیستمی هیرارکیەتی کە چەقێکی جەوهەریکی هەیە" [هاوشێوەی سیستەمی گرێی ئۆدیپ لای فرۆید کە سیستمێکی درەختییە]. لەم سیستەمەدا دەتوانرێت سنوری نێوان ئۆبێکتەکان بەئاسانی دیاری بکرێت، و پەیوەندییەکی یەکانگیر لەنێوان ڕەگەزەکانیاندا درووستکرێت. ئەم سیستەمانە وەک سیستەمی بیروکراسیی مۆدێرن و سوپاکان پەیوەستن بە ڕێکخستنەوە. لە بەرانبەردا ڕیزۆمەکان ئۆبێکتی نادیارن کە لە دەرەوەوە پێناسە دەکرێن

واته لە ڕێگای لە قەڵەمڕەوخستن یان ئەو هێڵەهەڵاتنانەی کە دەبنە هۆکاری گۆڕینی ماهیەت یان گۆڕانیان و هەر ئەم هێڵی هەڵاتن و لە قەڵەمڕەوخستنەوەش ئەوان دەبەستێتەوە بە فرەییەکانی ترەوە. شێوازێکی تری جیاکردنەوەی نێوان گرێچنەکان لای دۆلووز لەو شوێنەدایە کە ئەو جیاکاری لەنێوان ئاستی مۆلێر و مۆلۆکولی دەکات. واتە لەنێوان ئاستی فراوانی سیاسی و سیاسەتی ڕاڤەی کۆمەڵایەتی. لەم سۆنگەوەیە دەروونشیکاری لای دۆلووز بەپێی پەیوەندی درەختی و شاقووڵی لە سەرەوە بۆ خوارەوە وەک نموونەی ئۆدیپ، یەک بنەما و یەک نموونە جێگیر بۆ هەموو ڕەفتار و کاردانەوەیەکی دەروونی لەبەرچاودەگرێت، بۆیە بە بۆچوونی دۆلووز لەنێو سیستەمی سەرمایەداریدا ڕەهەندە میتافیزیکی و ئوستورەییەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان چیتر پەیوەندییان بەم سیستەمە نەماوە تاکو پەیوەندییان بە ئوستوورە و ئەفسانەوە هەبێت. واتە ئێمە بیین و بەپێی لۆژیکی دەروونشیکاری یەک ئۆدیپ بۆ هەموو مرۆڤەکان لەبەرچاو بگرین... لەکاتێکدا هەم سیستەم و هەم تاکیش لەنێو تۆڕێکی گرێچن و ئاسۆیی درووستدەبن، بۆیە ڕەخنەی دۆلووز لە ئۆدیپ و دەروونشیکاری ئەوە نییە کە ئەم بابەتە نادرووستە، بەڵکو ڕەخنە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە ئەو بارودۆخەی فرۆید بە یارمەتیی ئۆدیپ و سێکوچکەی باوک، دایک و مناڵ درووستی دەکات تەنیا یەکێکە لە بارودۆخ و ئەگەرەکان نەک هەمووی. بۆیە ئەم جۆرە ڕەخنەیە ڕووبەڕووی سەرمایەدارییش دەکاتەوە بەوەی کە بە لۆژیکی ئۆدیپی و بە سیستەمێکی یەکسانخواز هەوڵدەدات خۆی بە سەر تەوژمەکانی تردا بسەپێنێت و فرەیی و جیاوازی بگۆڕێت بۆ لێچکوون و یەکسانی، هەر بۆیە لێرەدا دەردەکەوێت کە لای ئەو دەروونشیکاریش زانستێکی پارێزکارانەیە، چونکە دەیەوێت هەموو تەوژمەکان، هەموو گرێچنەکان و هێڵە مۆلکۆلی و گەردیلەییەکان لەژێر یەک تەوژمدا کۆبکاتەوە. لەکاتێکدا گرێچن لۆژیکێکی بێنراو و پێشگریمانەیی نییە و کردار و ڕێکخستنەکانی خۆی لە ناوەوە و بە هێڵێکی ڕیزۆمی و بەپێی سرووشتی ماشێنەکان ئەنجامدەدات، و هەر گرێچنێنک بۆ خۆی دەستەبەری هێڵێکی هەڵاتن دەکات. ڕاڤەکردنی دۆلوز بۆ فاشیزم یش هەر بەم شێوەیە. دۆڵوز پێیوایە دەروونشیکاری فاشیزم بە بەرەنجامی لادان یان تێرنەبوونی غەریزەکان سەیر دەکات. لەکاتێکدا فاشیزم لای ئەو دەربڕینی ئارەزووی کۆمەڵگایە بۆ مەرگ. فاشیزم بە دەربڕینی جۆرێک لە ئارەزوو دادەنێت.

**Le corps-sans-organes** جەستە بێ ئەندامەکان: «لەودیو ئۆرگانیزمەوە، ئنجا وەک سنوورێک بۆ جەستەیەکی زیندوو، شتێک هەیە کە ئارتو کەشفی کرد و ناوی لێنا:

جەستە بێ ئەندامەکان. جەستە بریتییە لە جەستە و بە تەنیایەو هەرگیز پێویستی بە ئەندام نییە. جەستە هەرگیز ئۆرگانیزم [ئەندامیی] نییە. ئۆرگانیزمەکان دوژمنەکانی جەستەن. جەستە بێ ئەندامەکان هێندە دژی ئەو ڕێکخستنەی ئۆرگانەکانن کە پێی دەوترێت ئۆرگانیزم کەمتر دژی ئەندامەکان خۆیانن. جەستە ئەندامی نییە، بەڵکوو دەروازە و ئاستەکانی هەیە» (ژیل دۆلووز)

دۆلووز و گواتاری چەمکی "جەستە بێ ئەندامەکان"یان لە یەکێک لە شانۆنامەکانی ئانتوان ئارتو بە ناونیشانی "کۆتایی هێنان بە حوکمی خوا" وەرگرتووە. بە بۆچوونی ئەوان ئارتو سەرچاوەیەکی نوێیە بۆ شیتی کە دەکەویتە خاڵی دژ بە دیسکۆرسی دەروونشیکاری. ئارتو کەسێکی شیزۆفرێنییە کە وەک مرۆڤێکی تەندروست بەرانبەر بە جیهان وەک«ئاستplan»ێک، تووشی داڕوخان دێت و لە ئەنجامدا کنەی "قووڵاییەکان" دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ جەستە. ئەم ڕەهەندە نوێیەی جەستەیە کە لە بەرانبەر هەرجۆرە ڕێکخستێکی ئۆرگانیزمی بەرەنگاری دەکات، زمانە "پۆلێن نەکراوەکەیشی" پتر لە "لوورە لوور" دەچێت تاکوو زمانێک کە بتوانێت واتاکان بە دروستی بگوازێتەوە.

هەربۆیە جەستەی بێ ئەندام دوژمنی ئەندامەکان نییە بەڵکوو دوژمنی ئۆرگانیزمە. باردودۆخێکە کە هیچ پێوەرێکی لەپێشینە بۆ جەستە ئیش ناکات و ئۆرگانیکیش لەکارکەوتووە. لێرەدا ئەندامەکانیش لە هەموو واتاییەکی پێشوویان بەتاڵ دەبنەوە و کارێکی جیاواز دەگرنە ئەستۆ، بە واتایەک تەنانەت ناکرێت ناوی ئەندامیشیان لێ بنرێت. چونکە ئەندامەکان ئیتر دەبنە ئەندام ـ ماشێن: ئەو ئەندامانەی کە مەسرەف ناکرێن و دژە بەرهەمهێنانیشن. هەربۆیە لە جەستەیەکی بێ ئەندام دا ئەندامەکان چیتر ئەو ئیشەی پێشوویان نابێت. چیتر پێویست ناکات بە گوێ ببیستین، بە دەم خواردن بخۆین، بە پێ ڕێ بکەین و بە کۆم خۆمان بەتاڵ کەینەوە. لە جەستەیەکی بێ ئەندامی تەواو دا بەو شێوەیەی کە دۆلووز و گواتاری لە شانۆنامەکەی ئارتو وەریانگرتووە دەشێت هەموو کونەکانی جەستە پڕ بکرێتەوە و تەنیا لە یەک کونەوە ببیستی و قسە بکەی و ببینی و خۆت بەتاڵ کەیتەوە ئەم جەستە نوێیانە وەک جەستەیەکی تەواو هەژمار دەکرێن. بۆیە بە بۆچوونی دۆلووز جەستەی بێ ئەندام واتە مەرگی ئەو ئۆرگانیزمەی کە دەیویست بە شێوەیەکی ملهوڕانە هەموو ئەندامەکان بخاتە خزمەتی خۆیەوە و هەموو ئەندامەکان لە پێناو بەرهەمهێنانی یەک واتای دیاریکراو بخاتە کارەوە. دۆلووز و گواتاری لە کتێبی "هەزار ڕووتەخت"دا لە پێناو زیاتر کۆنکرێت کردنی ئەم چەمکە جگە لە ئاماژە بۆ دەقەکانی

بارووز و ئارتو نموونەی تریش دەهێننەوە بە تایبەت لە بواری زەویناسی (جیۆلۆجی): ئەوان پێیان وایە زەویش جەستەیەکی بێ ئەندامە، زەوی شوێنی تەوژمی مادە تاقانەکانە، ئەوانەی ڕێکنەخراون و کۆدڕێژ نەکراون و ناڕێکن. ئەو تەوژمانەی کە ئازاد و کۆچەریین و بەردەوام لایەنە شاراوەکانی خۆیان بەرجەستە دەکەن. لە جەستەی بێ ئەندام دا هیچ ئەندامێکی جێگیر بوونی نییە و جەستەی بێ ئەندام خۆی ئاست و ڕووتەختی ئیمانانسی ئارەزووە. ئنجا جەستەی بێ ئەندام بە مانا ماتماتیکییەی خۆی ڕێژەیەکە کە هەرگیز ناتوانی بە تەواوەتی پێی بگەی بەڵکوو دەتوانی لێی نزیک ببیتەوە.

تێبینی: ئەم وەرگێڕانە بەشی یەکەمی کتێبی دیالۆگەکانی "ژیل دۆلووز" و "کلێر پارنێ"یە:

.Deleuze, Gilles, Parnet,Claire; Dialogue, éd. Flammarion, pp 7-26